



ناو: پاڤێ جمیل احمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بروانامە: دکتورا لە سایکۆلۆجیا راگەیاندن
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان

ناو: هێمن عزیز محەمەد ئەمین
پلەی زانستی:مامۆستای یاریدەدەر
بروانامە: ماستەر لە کۆمەڵناسی- ئەنثرۆپۆلۆژیا
شوێنی کار: وەزارەتی پەروەردە- پەروەردەی سلێمانی

# شەهید وەک هێمایەکی کۆمەڵایەتی
## توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی-تیۆری لە بنیاتنانی یادەوەری بەکۆمەڵ و شەهیدبوونی بەکۆمەڵ لە گوتاری شۆڕشی نوێدا

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ڕوانگەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی-تیۆری بەکۆمەڵیی پرسی «شەهید» وەک هێمایەکی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی لە چوارچێوەی دروستکردنی یادەوەریی بەکۆمەڵدا دەخوێنێتەوە. توێژینەوەکە گوتاری شەهیدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بەتایبەتی لە قۆناغی «شۆڕشی نوێ» و گوتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پراکتیزە دەکات، بە جەختکردنەوەی تایبەت لەسەر «داستانی ڕزگاری (١٤ی نیسانی ١٩٨٧)» و شەهیدبوونی بەکۆمەڵی «شێخ جەمیل و هاوڕێکانی». ئامانجی سەرەکی، ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆد و میکانیزمانەیە کە لە ڕێگەیانەوە «مردنی بایۆلۆژی» وەردەگێڕدرێت بۆ «هێمای کۆمەڵایەتیی پیرۆز». توێژینەوەکە میتۆدێکی چۆنایەتی-تیۆری بەکاردێنێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، مۆدێلێکی (Discourse Analysis) و شیکاریی گوتار شیکاریی چوار ڕەهەندی (گێڕانەوە، ڕێوڕەسم، هێما، سەرمایەی ڕەمزی) دادەڕێژرێت کە لە ئایدیا و تیۆرییەکانی مۆریس هالبواکس، ئەمیل دورکایم، کلیفۆرد گێرتز، ڤیکتەر تێرنەر، و پییێر بۆردیۆ وەرگیراوە. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە لە گوتاری شۆڕشی نوێدا، شەهیدبوون لە ڕێگەی سێ میکانیزمی سەرەکییەوە دامەزراوەیی دەکرێت:

* گێڕانەوە بە ژانری ئەپیکی «داستان»،
* ڕێوڕەسمی خولیی و دروشمی چڕکراوە،
* ئامار و دامەزراوەکان وەک سەرمایەی ڕەمزی.

لە کاتێکدا گوتاری حزبی/دامەزراوەیی شەهید وەک چەمکێکی «نەگۆڕ» و «پیرۆز» پێناسە دەکات، ململانێ لەسەر خاوەندارێتیی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە مانا هەمیشە لە کارپێکردن و نوێبوونەوەدایە. لە کۆتاییدا چوار پێشنیاری تیۆری بۆ شەهیدبوونی بەکۆمەڵ پێشکەش دەکرێن تا وەک چوارچێوەیەک بۆ توێژینەوە مەیدانییەکانی داهاتوو خزمەت بکەن.

* کلیله وشەکان: شەهید، هێمای کۆمەڵایەتی، یادەوەریی بەکۆمەڵ، سەرمایەی ڕەمزی، شۆڕشی نوێ، داستانی ڕزگاری.



**ناو:** پ.د.پشکۆ حمەتاهیر عەبدولڕەحمان

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**نازناوی زانستی: پڕۆفیسۆر**

**شوێنی کار: بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**

---

# تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێدا، حمە غەفور ئاغجەلەری بەنموونە

**پوختە**

ڕووداوەکانی نێو مێژوو لەخوە ڕوویان نەداوە، بەڵکو زۆر جار بەکاریگەری کۆمەڵێك کەسایەتی و کارەکانیان دەرکەوتوونە، کە کاریان لەسەر ڕێرەوی ڕووداوەکان هەبووە لەساتەوەختی چارەنووساز و ڕەوتی ڕووداوەکانیان گۆڕیوە و چەرخی مێژوویان خستۆتە جوڵەو ، لای نەتەوەی کوردیش کۆمەڵێك کەسایەتی زۆرهەن، لەکات وساتی دیاریکراودا ڕۆلیان دەرکەوتووە لە مێژوودا، یەکێك لەو کەسایەتیانەی نێو مێژوو ، هاوچەرخی کوردو شۆرشی نوێی کوردستان (حمە غەفوور ئاغجەلەری) ە، کە وەك پێشمەرگە وفەرماندەیەك زۆر کاریگەر بووە لە شۆرشی ئەیلول و شۆرشی نوێدا.

ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە بۆتە هەوێنی هەڵبژاردنی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی( تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ دا، حمە غەفوور ئاغجەلەری بە نموونە)، کە وەك بابەتێکی مێژوویی زارەکی دیاریکراو وگرنگ و پڕ بایەخە، چون لەگەڵ نەوەی باس لە پێشمەرگە و تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگەی شۆرشی نوێ کراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەووردی باس لە ژیان و تایبەتمەندییەکانی حمە غفور ئاغجەلەری کراوە لە شۆرشی نوێ دا، کە تەمەنی لەو شۆڕشەدا هەرچەندەهە ساڵێك و چەند مانێگ بوو، بەڵام بۆتە هەوێنی ڕێکستنێکی گەورەو کشانەوی سەرەتاکانی شۆرشی نوێ بە جۆرێك حکومەتی بەعس ناوی لێنابوو( ئاوی ئاشی شۆرش). بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی – شیکاری بەستراوە، کە بەگشتی پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ تەوەرە و ئەنجامێك.



ناو: ڕزگار عبدالکریم محمد
پلەی زانستی: مامۆستا
بروانامە:ماستەر/ خوێندکاری دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق، بەشی مێژوو،



ناو: پ.د. پشکۆ حەمەتاهر عبدالرحمن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بروانامە: دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو،



م. ناو: پ.د. سامان حسێن ئەحمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بروانامە: دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان،


# ناونیشانی توێژینەوە: پێگەی وەرزش و ڕەنگدانەوەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە سلێمانی (١٩٦٣–١٩٩١)


## پوختە:

پوختەی ئەم توێژینەوەیە وەرزش لە سەردەمی هاوچەرخدا لایەنێکی ژیاری و ژیانییە، هاوکات وەکو کایەیەکی سیاسیش مامەڵەی لە گەڵدا کراوە، چونکە پەیوەستە بە گەنجانەوە، کە هەمیشە کەرەستەی جموجۆڵی بزاڤە رزگاریخوازەکان لە جیهاندا بوون، باشووری کوردستانیش بەو پێیەی بەشی هەرە زۆری مێژووی هاوچەرخی لە بزاڤی رزگاریخوازیدا خۆی دەبینێتەوە و وەرزشیش هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە هێدی هێدی بۆتە بەشێك لە ژیانی لاوانی کورد، ئەمە وایکردووە کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەبێت و لە چەندین قۆناغدا رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە ببینرێت. شاری سلێمانی بەهۆی ئەو رۆڵە چالاکەی لە خەباتی رزگاریخوازی کورددا هەیبووە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەو تێکەڵبوونە لەکایەی وەرزشی شارەکەدا دەربکەوێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییەی نێوان وەرزش و شۆڕشی کورد لە نێوان ساڵانی (1961-1994) بەگشتی و لە مێژووی شاری سلێمانیدا بەتایبەت شیبکاتەوە، بەدیاریکراویش رەنگدانەوەی خەباتی رزگاریخوازی کورد لەسەر کایەی وەرزش لەشاری سلێمانی لەچوارچێوەی یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان و پەیوەندی بە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی، لەبەرئەوەی لەو قۆناغە مێژووییەدا بەتایبەت بەشی زۆری ماوەی مێژوویی توێژینەوەکە لەسەردەمی رژێمی حزبی بەعسدا بووە، بۆیە وەرزش و بوارەکانی تریش لەکاریگەری روداوو بارودۆخە سیاسییەکان بەدەر نەبوون، بەتایبەت ئەو ماوەیەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)، کە ماوەی ئۆتۆنۆمی بوو لەباشووری کوردستان بە هۆی جێگیری دۆخی سیاسییەوە تاڕادەیەك، دۆخی وەرزشیش لە شارەکەدا جێگیربووە و بەرەو پێشچووە، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ ئەو دۆخە سیاسییە نوێیە جارێکی دیکە لە وەرزشی شارەکەدا ڕەنگیدایەوە و زۆرجار وەرزش وەکو بابەتی بەرگری و خەباتی کوردایەتی لەلایەن وەرزشوانان و هاندەرانەوە بەکارهاتووە، هاوکات لە لایەن

حکومەتی ناوەندیشەوە وەك بەشێك لەدرێژکراوەی خەباتی کورد مامەڵەی لە گەڵدا کراوە. ئەمەش ڕووداوی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە.



**ناو: عزالدین جمعە دەروێش**
**بڕوانامە: دکتۆرا**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆر**
**شوێنی کار: زانکۆی گەرمیان/ یاریدەدەری سەروک زانکو بۆ کاروباری کارگێری**
**ئیمەیل:** jumaa@garmian.edu.krd



**ناو: نەخشان محمد روستەم خان**
**بڕوانامە: دکتۆرا**
**پلەی زانستی: مامۆستا**
**شوێنی کار: بەریوبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی**
**ئیمەیل:** Nax6an_kk@yahoo.com

---

# المياه الجوفية كعامل جيوستراتيجي في حركة الثورة الكوردية الحديثة في منطقة گەرميان (١٩٧٦-١٩٩١)

## المستخلص

يهدف هذا البحث إلى تحليل الدور الجيوستراتيجي للمياه الجوفية في توجيه حركة الثورة الكوردية الحديثة في منطقة گەرميان خلال المدة (1976–1991)، مع التركيز على تطبيقاتها المكانية في تحديد مواقع التمركز ومسارات الحركة الميدانية لقوات الپێشمەرگە ضمن بيئة شبه جافة. اعتمد البحث على المنهج الإقليمي–التاريخي والمنهج الوصفي، وطبّق مجموعة من الإجراءات الجغرافية والخرائطية، تمثلت في بناء قاعدة بيانات مكانية للآبار والينابيع، وربطها بالخصائص الطبوغرافية والهيدرولوجية ومواقع النشاط الميداني، فضلاً عن توظيف نظم المعلومات الجغرافية (GIS) لتحليل التوزيع المكاني للمصادر المائية. واستُخدم تحليلا نطاقات التأثير (Buffer) والكثافة المكانية (Kernel Density) لتحديد مناطق القرب والتجمع المائي، وقياس مدى ارتباطها بمواقع الاستقرار والحركة، والكشف عن التباين المكاني في أهمية الموارد المائية وإمكان الإفادة منها في تفسير أنماط النشاط الميداني. وأظهرت النتائج أن الآبار والينابيع تركزت في بؤر ونطاقات مكانية ذات أهمية، وأن قربها من مواقع الپێشمەرگە أسهم في اختيار بعض مواقع التمركز ومسارات الحركة وتوفير متطلبات الاستمرار الميداني في بيئة محدودة الموارد المائية. وتمثل حالة جبل داري خله نموذجاً تطبيقياً لهذا الارتباط بين المورد المائي والموقع التضاريسي. وخلص البحث إلى أن المياه الجوفية أسهمت، بصورة غير مباشرة، في تشكيل الجغرافيا العسكرية للثورة واستدامة نشاطها الميداني.

**الكلمات المفتاحية:** المياه الجوفية، الجيوستراتيجية، الثورة الكوردية، گەرميان، نظم المعلومات الجغرافية.



ناو: سۆران حمه امین احمد
بروانامە: دکتورا
پلەی زانستی : پرۆفیسۆر
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی جوگرافیا



ناو: خلیل کریم محمد
بروانامە: دکتورا
پلەی زانستی : پرۆفیسۆر
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی جوگرافیا

# کایگەری پلەی گەرمی و دابارین لەسەر چالاکیە سەربازیەکان لە شۆرشی نوێدا لە نێوان ساڵانی (1976 تا 1991)

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "کاریگەری پلەی گەرمی و دابارین لەسەر چالاکییە سەربازییەکان لە شۆڕشی نوێدا (١٩٧٦-١٩٩١)" ئامانجی دەرخستنی کاریگەریی ڕەگەزەکانی ئاووهەوایە لەسەر پرۆسە سەربازییەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای بەعس بەتایبەتی هەردو ڕەگەزی پلەی گەرمی و دابارین.

توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی ئەوەدا دەگەڕێت کە ئایا گۆڕانکارییەکانی پلەی گەرمی و دابارین لە وەرزە جیاوازەکاندا کاریگەرییان لەسەر پرۆسە سەربازییەکان هەبووە و ئایا ئەم کاریگەرییە بۆ هەردوو لایەن وەک یەک بووە؟ گریمانەکە جەخت دەکاتەوە کە رەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چالاکی سەربازی، تاکەکان و کەلوپەلەکان هەبووە، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستووە لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا کەشناسییەکانی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، لە پاڵ بەکارهێنانی شیکردنەوەی ئاماری بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی وردتر، شانبەشانی بەکارهێنانی یادەوەرییەکانی پێشمەرگە و سەرچاوە زانستییەکان.ئامانجمان لەم توێژینەوەیە دەرخستنی کاریگەری پلەی گەرمی و دابارینە لەسەر چالاکیە سەربازیەکان لە شۆرشی نوێی گەلەکەمان .

لە کۆتای توێژینەوەکەش گەیشتوینەتە ئەو دەرئەنجامەی بە هۆی جیاوازی تێکراکانی پلەی گەرمی لەنێوان ناوچە جیاکانی هەرێم کاریگەریشی لەسەر پرۆسە سەربازیەکان جیاواز بوە، کاریگەریە ئاووهواییەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە زیاتر بوە لە بەر ئەوەی کەلوپەلی سەربازی و هۆکاری

گواستنەوەیان زۆر کەم بوە، بەشێوەیەکی گشتی وەرزە مامناوەندەکان گونجاوتربون بۆ چالاکیەکانی


**ناو: لەتیف تەها  فەتاح (لەتیف نێروەیی)**

**بڕوانامە:** بەکالۆریۆس

**پلەی زانستی: توێژەر**

**شوێنی کار:** بەرپرسی بۆردی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی ن ک

**ئیمەیل:** latefnewrway@gmail.com




هێزی پێشمەرگە بە بەراورد بە مانگە گەرمەکان و مانگ

## پەیامی ڕادیۆ لە خەباتی شاخ دا (دەنگی گەلی کوردستان بە نموونە)

### پوختە


ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ستراتیژیی ڕادیۆ وەک کاریگەرترین ئامرازی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی لە قۆناغی خەباتی چەکداریی گەلی کورددا (١٩٧٦-١٩٩١). کێشەی توێژینەوەکە لە دەوری توانستی میدیایەکی سنووردار دەسووڕێتەوە لە ڕووی تەکنیکییەوە، کە چۆن توانیویەتی لەناو ژینگەیەکی سەختی جوگرافی و سەربازیدا، گەمارۆی میدیایی ڕژێمی بەعس بشکێنێت. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی- شیکاری بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی پەیامەکانی ڕادیۆی "دەنگی گەلی کوردستان" وەک یەکەمین سەکۆی شۆڕشی نوێ.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە ڕادیۆ لە شاخدا تەنیا ئامرازێکی گواستنەوەی هەواڵ نەبووە، بەڵکو وەک "دامەزراوەیەکی فرەڕەهەند" ڕۆڵی گێڕاوە، لە ڕووی سیاسییەوە وەک وتەبێژی فەرمی شۆڕش، لە ڕووی سەربازییەوە وەک ئامرازی جەنگی دەروونی و ڕێبەرایەتیکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان، لە ڕووی کولتوورییەوە وەک بزوێنەری ئەدەبیاتی بەرگری و پارێزەری شوناسی نەتەوەیی. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە "دەنگی گەلی کوردستان" توانی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان "شاخ" و "شار"دا دروست بکات، کە لوتکەی ئەم کاریگەرییە لە ئاراستەکردنی جەماوەردا لە کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم وێستگەیە مۆدێلێکی پێشەنگی لە ڕاگەیاندنی قەیران و

شۆڕشدا بونیاد نا، کە تا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مێژووی سیاسی و میدیایی کورد دەمێنێتەوە.



ناو/كاوه اسماعيل عبدالله
پلەی زانستی: بروفيسوري ياريدةدةر

بروانامه/ دکتوراه
شوينی كار:زانكۆ كةرميان/بةروةردة
بةش/زماني عةرةبى



ناو/ديار فائق مجيد
پلەی زانستی: بروفيسور
بروانامه/ دکتوراه
شوينی كار/ زانكۆ كةرميان/بةروةردةي بنةرةت
بةش/زماني كوردي

## تمثيل المرأة في الخطاب الأدبي للاتحاد الوطني الكوردستاني من رمزية الأرض إلى فاعلية النضال (شيركو بي كه س أنموذجا)

پوختەی توێژینەوە
يسعى هذا البحث إلى مقاربة تحولات صورة المرأة في التجربة الشعرية للشاعر الكردي المعاصر شيركو بي كَەس، متخذاً من منجزات الخطاب الأدبي والثقافي للاتحاد الوطني الكردستاني إطاراً ومناخاً فكرياً لها. يتتبع البحث مساراً تطورياً دقيقاً انتقلت فيه صورة المرأة من حدود (الرمز الجغرافي المستهلك) المرتبط بالأرض، والطبيعة ، والخصوبة، إلى رحاب (الفعل النضالي والثوري) الحي الذي يصنع التاريخ ويقود المقاومة..

يعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي لقراءة نماذج منتخبة من نصوص بيكَس الشعرية، كاشفاً عن البنيات الدلالية والجمالية التي نجح من خلالها الشاعر في تمجيد دور المرأة الكردية في مراحل الكفاح المسلح، والبيشمركة، والتحولات الوطنية الكبرى. ويخلص البحث إلى أن الخطاب الأدبي للاتحاد الوطني قد وفر حاضنة خصبة لتكريس وعي نضالي تجسد بوضوح في شعر بيكَس، لتغدو المرأة فيه رمزاً للخلود وفاعلاً رئيسياً في صياغة الهوية والحرية.

الكلمات المفتاحية: الخطاب الأدبي، صورة المرأة، رمزية الأرض، فاعلية النضال



پ. د. یەشار عبدالسلیم گول
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر

---

# THE PARADIGMATIC TRANSFORMATION OF THE KURDISH POLITICAL SUBJECT

## A Comparative Analysis of the National-Democratic Imaginary after 1975 through State Domination, Social Structure, Ideological Orientation, and Inner Realpolitik

### پوختە

This paper does not ask whether Kurdish organizations or ideologies merely changed after 1975. It asks how Kurds were reconstituted as a political subject. 1975 is treated not as the birth of an ideology but as a paradigmatic threshold at which previously dispersed Kurdish political problems condensed into a modern, mass, ideological, and organized form of subject formation. The central claim is that divergence across Bakur (Turkey), Başûr (Iraq), Rojhilat (Iran), and Rojava (Syria) cannot be explained by one-factor models of repression. It is the outcome of a shared national-democratic paradigm being mediated differently by state domination, social structure, political imaginary, and inner Realpolitik. The international system is not a fifth independent variable; it is a cross-cutting context that runs through all four mediations. The dependent variable is not success or failure, but the transformative capacity of the political subject. Continuity should not be sought in the preservation of an ideological form, but in the reproduction—through metamorphosis—of the problems of collective subjecthood, sovereignty, recognition, representation, national unity, and social transformation.

**Keywords:** Kurdish political subject; 1975 national-democratic imaginary; state domination; inner Realpolitik; continuity through metamorphosis; multiparty-ness; Bakur; Başûr; Rojhilat; Rojava



**ئاراس عبدالرحمن مستەفا**
**پلەی زانستی :پرۆفیسۆر**
**بڕوانامە :دکتۆرا**
**شوێنی کار :زانکۆی ڕاپەڕین / ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

## ڕۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی باشوری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨

**دوای شکستهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بە رابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دۆخێکی تازە لە خەبات و تێکۆشان سەری هەڵدا ، لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراق هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر بە مەستی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دژی کوردو شاروشارۆچکەکانی کوردستان، لەلایەکیتر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خەباتی شارو شاخی بەیەکەوە گرێداو ، بەرنامەیەکی گرنگی دارِشت بۆ رووبەروبوونەوەی حکومەتی بەعس و سیاسەتەکەی، ئەویش هاندانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و راپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان.**

**کێشەی توێژینەوەکە ، ئەو کێشانەی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستەی دەکات بریتییە لە روونکردنەوەو سەلماندنی ئەو راستییەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی لە خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٨ دا هەبووە، کە تاوەکو ئێستا هێچ توێژینەوەیکی بەم شێوەیە نەیسەلماندووە ، ئەمەش کێشەیەک بوو لە مێژووی هاوچەرخ و ئەو سەردەمە مێژوویەدا، بە تایبەتی رۆڵی بەرچاوو زۆری سەرکردایەتی یەکێتی لە شاخ و سەرکردەکانی رێکخستنە نهێنیەکان و شانەکانی رێکخستن لە ناو شارو شارۆچکەکاندا.**

**پرسیاری توێژینەوەکەمان ئەوەیە کە ئایا ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێ کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و سیاسی لە شاخ توانی لە ناو شارو شارۆچکەکاندا شانەی رێکخستنی نهێنی دروست بکات و گرێی بدات بە خەباتی چەکداری شاخەوە، ئایا مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە رۆڵیان هەبوو لە هاوکاری و یارمەتیدانی خۆپیشاندەرو راپەڕیوان**

**ئامانجی توێژینەوەکە، یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ئەو راستییە مێژوویەی کە شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شۆڕشێکی تازە بوو لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، جیاوازیەکی زۆر دەبینرا لە چاو راپەڕین و شۆڕشەکانی پێش خۆی، چونکە سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و راپەڕینی شارەکان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستانی گرتەوە، بۆیە ئامانجمانە لەم توێژینەوەیەدا رۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان بە شێوازی جیاواز سەردەمیانە باس بکەین**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە ، لەوەدایە کە بۆیەکەم جارە باسی رۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکرێت لە خۆپیشاندان و راپەرینەکانی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و سەرجەم لایەنەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و لە مێژوودا تۆماربکرێت، هەروەها گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ئەو راستییە مێژوویەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە**

**ماوەیەکی زۆر کەمی سەرەتای دەسپێکردنی خەباتی چەکداری توانی لە رێگای ئەو پلان و تاکتیکەی دایڕشتبوو، زۆر بە خێرایی لایەنگرو ئەندام و پشتیوانیکار بۆ لای خۆی راکێشێت و بزوتنەوە چەکدارییەکەی پێ سەرکەوتوو بکات .**
**کلیلی وشە : عێراق، خۆپیشاندان، راپەڕین، پێشمەرگە، خەبات، یەکێتی، رێکخستن**



**ناو:** سایە سەلام صابر

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆر

**شوێنی کار:** زانکۆی سلیمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا

**ئیمەیل:** Saya.sabir@univsul.edu.iq

---

# ڕۆڵی چیا و ئەشکەوتەکان لەسەرخستنی چالاکییەکانی شۆرشی نوێ
# (توێژینەوەیەک لە جیۆمۆرفۆلۆجیای پراکتیکی)

**پوختە**

زانستی شێوەکانی ڕووی زەوی تەنها زانستێک نیە لە هۆکار و دابەشبوون و گۆڕینی شێوەکانی ڕووی زەوی بکۆڵێتەوە، بەڵکو هەوڵی بەیەکەوە بەستانەوەی شێوەکانی ڕووی زەوی دەدات بە چالاکیەکانی مرۆڤ ،یەکێک لەم چالاکیانە بریتیە لە پرۆسەی سەربازی بەهەموو شێوەکانی (هێرش بردن ، بەرگری، پاشەکشەکردن)، ئەمە جگە لە ئاسانی هاتوچۆکردن و گواستنەوەی کەل و پەلە سەربازیەکان و گەیشتنی پاڵپشتی سەربازییەکان بە سوپا لەکاتی جەنگدا.

دوو شێوە لە شێوەکانی ڕووی زەوی کەبریتیە لە (چیا و ئەشکەوت) وەرگیراوە و کاریگەریان لەسەر چالاکیەکانی سەربازی روونکراوەتەوە، کە ئایا ئەو شێوان چۆن و بۆ چ لایەنێک بەکارهاتوون ،سنوری ناوچەی توێژینەوە هەموو ڕووبەری هەرێمی کوردستانە بەڵام زیاتر جەخت لە سەر ڕووداوە مێژوویەکانی ناوچەکانی سنووری (پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەی راپەرین و پارێزگای هەڵەبجە و ناوچەی کۆیە و دۆڵی خۆشناوەتی لە پارێزگای هەولێر) کراوەتەوە، بەهۆی زۆری چالاکی هێزی پێشمەرگە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥تا ١٩٩١) لەم ناوچانەدا.

کێشەی سەرکی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لەوەی کە چیا و ئەشکەوتەکان ڕۆڵیان لە سەرخستنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە هەبووە لە ماوەی ساڵانی شۆرشی نوێ؟ بۆ ئەو مەبەستە پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاری پەیوەندیکاری بەستراوە بەمەبەستی بەستنەوەی پەیوەندی شێوەکان و کردارە سەربازییەکان و لۆجستی، دەرئەنجامە سەرەکیەکەی توێژینەوەکە ئەوە بووە کە چیا و ئەشکەوتەکان ڕۆڵی زۆریان لەسەرختنی شۆرشدا هەبووە ئەویش بەهۆی سەختی و ئاڵۆزی

شێوەکان و لە زۆربەی چالاکییە سەربازیەکان وەک هێزی سەرەکی پشتیوان بوون بۆ پێشمەرگە لەهەموو پرۆسەکانی (بەرگری و هێرش و پاشەکشەکردن).




**ناو:** شێرزاد زکریا محمد

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆر

**شوێنی کار:** زانکۆی زاخۆ- کولێجی پەروەردە/ بەشی جوگرافیا

**ئیمەیل:** Shirzad1977@gmail.com


---


**وشە کلیلییەکان:** جیمۆرفۆلۆجیا، چیا، ئەشکەوت، شۆڕشی نوێ، چالاکی سەربازی.


## دور مديرية أمن السليمانية في عمليات الأنفال للمراحل الأولى إلى الخامسة (1988)
## (دراسة في ضوء وثيقة أمنية سرية)


**الملخص**

تتناول هذه الدراسة دور مديرية أمن السليمانية في المراحل الخمس الأولى من عمليات الأنفال التي نفذت ضد الشعب الكوردي في كوردستان–العراق عام 1988، والتي تعد من أبرز الأحداث في تاريخ العراق المعاصر، وذلك لما شهدته من عمليات عسكرية وأمنية واسعة شاركت فيها مؤسسات الدولة المختلفة. وقد أسفرت هذه العمليات عن تدمير مئات القرى، ومقتل آلاف المدنيين الكورد، واختفاء أعداد كبيرة منهم، ولا يزال مصير الكثير منهم مجهولا حتى اليوم، مما جعلها من أكثر الأحداث مأساوية في تاريخ كوردستان المعاصر. وتهدف الدراسة إلى توضيح دور مديرية أمن السليمانية، والمهام التي كلفت بها، وطبيعة تعاونها مع التشكيلات العسكرية خلال تلك العمليات. كما تعرض الدراسة بإيجاز الأوضاع السياسية والأمنية التي سبقت عمليات الأنفال، والعلاقة بين الحركة القومية الكوردية والحكومة العراقية، ثم تتابع دور المديرية في كل مرحلة من المراحل الخمس الأولى، بما يساعد على تقديم صورة أوضح عن دور الأجهزة الأمنية في تنفيذ عمليات الأنفال.



**ناو:** شیروان حسین حمد

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆر

**شوێنی کار:** زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی

**ئیمەیل:** Sherwan983@uor.edu.krd


---

## شیکردنەوەی دەق یەکەمین بەیاننامەی شۆڕشی نوێ لە ڕوانگەی زمانناسیی بنیاتگەرییەوە


### پوختە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی دەق یەکەمین بەیاننامەی شۆڕشی نوێ لە ڕوانگەی زمانناسیی بنیاتگەرییەوە) یە. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕو و شیکردنەوەی دەق بەیاننامەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ لە کوردستاندا، لە ڕوانگەی زمانناسیی بنیاتگەرییەوە. دیارە کە ئەم قوتابخانە زمانناسییە گرنگی بە پێکهاتە زمانییەکان دەدات و شرۆڤەیەکی دابڕاو بۆ دەق و یەکە زمانییەکان دەکات. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفیی- شیکاریی ئەنجامدەدرێت. تەنها دەقێک بە نمونە وەرگیراوە، کە ئەویش یەکەمین دەق بەیاننامەی شۆڕشی نوێیە .

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکەوە پەی بەهەندێک نهێنی و دنیابینی شۆڕشی نوێ ببەین. هەروەها بە شیکارییەکی ئاماریی پێکهاتەی زمانی دەقەکە شیبکەینەوە و مەبەست و ئامانجەکانی پشت بەکارهێنانی ئەو بنیاتە پیشانبدەین .

پرسیاری توێژینەوەکە ئەوەیە، ئایا لەپشت بەکارهێنانی ئەو بنیات و ڕۆنانە زمانییەی کە دەقەکەی پێنوسراوە چ ڕاستی و ئامانجێک هەیە؟ چۆن دەتوانین لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکەوە بە دنیابینی و ئامانجەکانی شۆڕش بگەین؟

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەمانەوێت بە دوای هەندێک لایەنی شاراوە و باسنەکراوی شۆڕشی نوێدا بچین، ئەمەش لەڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکەوە دەکرێت، کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا نوسراوە .

کەرەستەی توێژینەوەکەمان تەنها دەق بەیاننامەکە دەبێت. بەپێی پێوەرەکانی زمانناسیی بنیاتگەری شیدەکرێتەوە .

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تیۆریی دەبێت و چەمکەکانی توێژینەوەکەی تێدا دەناسێنرێت، لەوانە زمانناسیی دەق، شیکردنەوەی دەق، زمانناسیی بنیاتگەری، لەگەڵ ناساندێکی کورت و پوختی دەقەکە لە ڕوی مێژوییەوە. بەشی دووەم کارەکی دەبێت و هەمو دەقەکە شیدەکرێتەوە بۆ یەکە بچوکترەکانی لەوانە پەڕەگراف، ڕستە و وشە و پۆلی هەریەکێک لەوانە و ئامانج و مەبەستی پشت بەکارهێنانی هەریەک لەوانە بە میتۆدی ئاماریی پیشاندەدرێت .

تونێژینەوەکە بە هەندێک ئەنجام گەیشتووە. لەوانە بەکارهێنانی هێما و ڕۆنانی لێڵ، لەگەڵ بنیاتێکی زمانی کە هانی ئاراستەکردن و پێدانی هیوا بکات.

**کلیله وشەکان:** شیکردنەوەی دەق، زمانناسیی بنیاتگەری، شۆڕشی نوێ، بەیاننامە



**ناو: پ.د. هیوا ئەمین شوانی**

**بڕوانامە: دکتۆرا**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆر**

**شوێنی کار: زانکۆی دکتۆرا / فاکەڵتی پەروەردە / بەشی جوگرافیا**

## شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گوندەکانی ناوچەی شێخبزێنی خواروو لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی نوێدا

پوختە

ئەم تـوێژینەوەیە ڕۆڵی گونـدەکانی شـێخبزێنی خـوارو لە پاڵپشـتیکردنی شـۆڕشی نـوێ دەکـۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات کـاریگەری تایبەتمەنـدییە جـوگرافی، کـۆمەڵایەتی وپاڵپشـتیەکانی ناوچەکـە لە سـەر بەردەوامبوونی شۆڕش شی بکاتەوە. شێخبزێنی خوارو بەهۆی شوێنی جوگرافی سروشتی ناوچەکە و تۆڕی گوندە نزیکەکانی، ژینگەیەکی گونجاوی بۆ پشتیوانیکردنی هێزەکانی شۆڕشی نوێ دابین کردووە

گـرینگی توێژینەوەکـە خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـەرۆڵی ناوچەکـە لـە شـۆڕشی نـوێ بـەدیکۆمێنت دەکات، ئەمە جگە لەوەی حکومەت و لایەنەپەیوەندارەکان بەرچاو روون دەکات لە رۆڵ و پێگەی ناوچـەی توێژینـەوە لە پاڵپشـتیکردنی شـۆڕشی نـوێ بەمەبەسـتی رەنگـەرێژکردنی پلانی گەشـەپێدان و بایەخـدانی زیـاتر بـە گونـدەکانی شـێخبزێنی خـوارو، لـە توێژینەوەکـەدا پشـت بـە مێتۆدەکانی(هەڵێنجانـدن، مێژوویی، هـەرێمی، وەسـفی، مەیدانی)بەسـتراوە، ئامانج لـەم توێژینەوەیە دەرخستنی پاڵپشتی دیموگرافی و جوگرافیای سروشتی و هەواڵگری سەربازی ناوچەی توێژینەوەیە لە شۆڕشی نوێدا، بەمەبەسـتی گەیشـتن بـەو ئامانجانـە توێژینەوەکـە جـەختی کردوتـەوە لەسـەر بنـەما سروشـتیەکانی ناوچـەی توێژینـەوە بەتایبـەتی بـەرزونزمی و ئاوهـەوا و رووبارەکـان، ئـەوە جگـە لـە جختکردنەوە لە رۆڵی دانیشتوان و پاڵپشتی هەواڵگری و سەربازی ناوچەی توێژینەوە.

توێژینەوەکە گەیشتە ئەوەی کە هاوکاری نێوان جوگرافیای ناوچەکە و پاڵپشتی دانیشتوان هۆکارێکی سەرەکی بووە لە پاراستنی پەیوەندی نێوان گوندەکان و بەردەوامبونی شۆڕش. ئەنجامەکان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کە پاڵپشـتی گونـدەکانی شـێخبزێنی خـوارو تەنها دابینکـردنی خـۆراك و شـوێنی حەوانـەوەنەبوە، بەڵکـو پاڵپشـتییەکی کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و جـوگرافی بـوە، کە ڕۆڵـێکی بـنەڕەتی لە سەرکەوتن و مانەوەی شۆڕشی نوێ لە ناوچەکەدا گێڕاوە.

وشە کلیلییەکان: شۆڕشی نوێ، شێخبزێنی خوارو، ناحیەی شوان، کەرکوک، ناوچەی ئازادکراو


پ.د. دارا تۆفیق کاکەمین

دارا تۆفیق کاکەامین
پلەی زانستی :پرۆفیسۆر
بڕوانامە :دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو

## ڕۆڵ و پێگەی ناوچەی مەرگە لە شۆڕشی نوێدا ( توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە)

**پوختە**

ناوچەی مەرگە سنورێکی دیاریکراوی باشوری کوردستانە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە لەمێژە مرۆڤ تێیدا ژیاوە، ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە دەگەڕێتەوە. هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە لەمێژووی هاوچەرخدا ببێتە ناوچەیەکی گرنگی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لەبەرئەوەی دەڤەرەکە خودان پێشینەیەکی سیاسیی دوور و درێژە، بۆیە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ناوچەی مەرگەو دانیشتوانەکەی بوون بە بەشێک لەخەباتی چەکداری و سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو شۆڕشە، لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆریان داوە،جگە لەوە لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بنکەو بارەگاکانی شۆڕشی نوێ، کە پێکهاتبوون لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بارەگای ژمارەیەک تیپ گوازراونەتەوە بۆ ناوچەی مەرگە، بەمەش بووەتە ناوەندێکی گرنگی شۆڕش. بۆ ئەوەی هەوڵبدرێ لایەنێکی نادیار و گرنگ و مێژوویی ناوچەیەکی کوردستان وێنا بکرێت، کە ڕوویەکی پەنهان و دیوێکی تاڕادەیەک نەزانراوی دیرۆکی هاوچەرخی کوردە، ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵ و پێگەی ناوچەکە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات گرنگی ئەم ناوچەیە لە ڕووی جوگرافی، سیاسی و چەکداری هەڵبسەنگێنێت. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، دیاریکردنی کاریگەری تایبەتمەندییە جوگرافیەکانی ناوچەکەیە لەسەر بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی شۆڕش، شیکردنەوەی ڕۆڵی دانیشتوانەکەی لە پاڵپشتی هێزەکانی پێشمەرگەو هەڵسەنگاندنی شوێنەواری ئەو ڕۆڵە لە بەردەوام بوونی شۆڕشەکە، توێژینەوەکە پشتی بەڕێبازی مێژوویی و (وەسفی – شیکاری) بەستووە و سودی لە سەرچاوە چاپکراوەکان و بیرەوەرییەکان و چاوپێکەوتنەکان وەرگرتووە.

کلیلە وشە: (مەرگە، شۆڕشی نوێ، هێزی پێشمەرگە، تیپ، بۆردومانکردن)




ساکار محمد حسن
پلەی زانستی:  پرۆفیسۆر
بڕوانامە :دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / بەشی جوگرافیا





فطمە قادر مصطفی
پلەی زانستی :  پرۆفیسۆر
بڕوانامە :دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / بەشی جوگرافیا





ڕۆشنا محمد احمد
پلەی زانستی :  مامۆستا
بڕوانامە :دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / بەشی جوگرافیا


# کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لەسەر سەرکەوتنی مەیدانیی شۆڕشی نوێ لە سنووری پارێزگای هەولێر (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەک نموونە)


**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافییە (سروشتی و مرۆییەکان) لە دیاریکردنی ئاڕاستەی سەرکەوتن و خۆڕاگریی مەیدانیی هێزەکانی شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١) لە سنووری پارێزگای هەولێر.  ناوچەی توێژینەوە بەهۆی هەمەجۆریی تۆپۆگرافیای خۆی (لە دەشتاییەکانی هەولێر و قەراج و کەندێناوەوە تا ناوچە شاخاوییە سەختەکانی خۆشناوەتی، باڵەکایەتی و چیای کارۆخ)، ژینگەیەکی سەربازیی جۆراوجۆری هێنابووە ئاراوە. توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی (ڕێبازی وەسفی- شیکاری) و ئاشناکردن بە چەمکەکانی جوگرافیای سەربازی، دەریخستووە کە چۆن هێزی پێشمەرگە توانیویەتی پێکهاتەی زەوی، پۆشاکی ڕووەکی، کەشوهەوا و پشتیوانیی دانیشتووانی گوندەکان بۆ داڕشتنی تاکتیکی شەڕی پارتیزانی شیاو بکات و باڵادەستیی سەربازیی ڕژێمی بەعس پووچەڵ بکاتەوە.



کلیلە وشەکان: شۆڕشی نوێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جوگرافیای سەربازی، جەنگی پارتیزانی، پارێزگای هەولێر.



**ناو: بیستون احمد حسین**
**بڕوانامە: دکتۆرا**
**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاردەدەر**
**شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا**
**ئیمەیل:** bestoon.87@uor.edu.krd



**ناو: سردەشت محمد حسین**
**بڕوانامە: ماستەر**
**پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر**
**شوێنی کار: پەروەردەی گەرمیان/ قوتابخانەی ئەژی بنەڕەتی**
**ئیمەیل:** sardasht.muhammad@gmil.com



**ناو: نوزاد رسوڵ محمد**
**بڕوانامە: ماستەر**
**پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر**
**شوێنی کار: زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا**
**ئیمەیل:** nawzad.mohammad@uor.edu.krd

---

# گرنگیی تایبەتمەندییەکانی شوێنی جوگرافیی گەرمیان لە ململانێی نێوان شۆڕشی نوێ و ڕژێمی بەعسدا (1976_1991)

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنە ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەی گەرمیان، ئەوەش وەک پانتاییەکی سەرەکی لە ململانێ چەکداری و سیاسییەکانی نێوان شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ڕژێمی بەعس لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٦ - ١٩٩١). لای هەمووان ڕوونە ناوچەکە بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە وەک پردێکی پەیوەندی لە نێوان ناوچە شاخاوییە سەختەکان و دەشتاییەکانی ناوەڕاستی عێراق دەردەکەوێت، کە ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی هەبووە بۆ هەردوولا. لەم تووێژینەوەدا سەرنج دەخەینەسەر ئەو فاکتەرە جوگرافیانەی کە بوون بە پاڵنەر بۆ ئەوەی گەرمیان ببێتە مەیدانی چالاکی پێشمەرگە و "پایتەختی شۆڕش" لەوانە: بەرزی و نزمی گەرمیان وەک پەناگەیەکی سروشتی و هەروەها نزیکی ناوچەکە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و بوونی گەرمیان لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی گواستنەوەی سوپای عێراق. هەروەها توێژینەوەکە شیکردنەوە بۆ نەخشەڕێگای ڕژێمی بەعس دەکات کە چۆن هەوڵی داوە لە ڕێگەی گۆڕینی دیمۆگرافی و دروستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێکان، و لە کۆتاییشدا شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئەنفال،دەست بەسەر ئەم ناوچە هەستیارەدا بگرێت بۆ ئەوەی شادەماری پەیوەندی شۆڕش بە ناوچە جیاوازەکانەوە ببڕێت. بۆ خستنەڕوو هەروەها شیکردنەوەی ووردی زانستیانەی بابەتەکە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاری مێژوویی دەبەستێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە "جوگرافیا" تەنها مەیدانی جەنگ نەبووە، بەڵکو هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە لە دارشتنی تاکتیکی سەربازی و مانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ .

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی چارەنووسسازی تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەی گەرمیان وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە داڕشتنی تاکتیکەکانی ململانێی نێوان شۆڕش و ڕژێمدا. گرنگترین دەرئەنجامێك کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەوەیە، کە گەرمیان تەنها ناوچەیەکی بێلایەنی شەڕ نەبووە، بەڵکو توخمێکی سەربازی و یەکلاکەرەوە بووە لە داڕشتنی تاکتیکی شەڕی پارتیزانی پێشمەرگە و مانەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەربۆیە پیشنیاری ئەوە دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو قوربانییە گەورەیە و ئەو وێرانکارییە دیمۆگرافی و ژینگەیییەی کە بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەیەوە بەر ناوچەکە کەوتووە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی درێژخایەنی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری و ژێرخانی بۆ ناوچەی گەرمیان تەرخان بکات

**وشە کلیلییەکان:** شوێنی جوگرافی، گەرمیان ، شۆڕشی نوێ، جیۆپۆڵەتیک، ڕژێمی بەعس.



ناو: ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە
بڕوانامە: دکتۆرا
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
بەشی پەروەردەی تایبەت



ناو: سەروەت نیعمەتوڵا سالح
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
بەشی پەروەردەی تایبەت

# بونیادی ئەدەبی کوردی و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی هۆشیاری شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵگای کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١ دا

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١)دا، لێکۆڵینەوە لە بونیاد و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردی دەکات لەم قۆناغەدا، ئەدەب وەک کەرەستەیەکی زیندوو بۆ بەرەنگاری و ناسنامەسازی کاریکردووە. لە توێژینەوەکەدا سوودمان لە تیۆری (کۆمەڵناسیی ئەدەب و ڕەخنەی سیاسی) وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، بەو مەبەستەی پەیوەندی نێوان فۆرمە ئەدەبییەکان و واقیعی سیاسی ئەو سەردەمە دیاری بکات. توێژەران میتۆدی (وەسفی-شیکاری)یان پەیڕەوکردووە بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی ئەدەبی ئەو قۆناغە. ئامانجی سەرەکی ئەم کارە بریتییە لە دەرخستنی ئەو میکانیزمانەی، کە ئەدیبانی کورد بەکاریانهێناوە بۆ گۆڕینی زمان لە ئامرازێکی گوزارشتەوە بۆ بزوێنەرێکی فیکری، هەروەها دۆزینەوەی ئەو ڕەهەندە نادیارانەی، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی هۆشیاری شۆڕشگێڕی و هاندانی تاک بۆ بەشداریکردن لە خەباتی نەتەوەییدا. لە ڕێگەی شیکردنەوەی گوتاری دەقەکانەوە، ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەدەبیاتی ئەم قۆناغە تەنها ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو وەک "بونیادێکی هۆشیارکەرەوە" کاریکردووە بۆ تێپەڕاندنی بێئومێدی دوای نسکۆ. سەرئەنجامی توێژینەوەکەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەدەبیاتی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان توانیویەتی چەمکی "شۆڕش" لە چوارچێوەیەکی چەکدارییەوە بگوازێتەوە بۆ ناو کایەی فەرهەنگی و مەعریفی، ئەمەش بناغەیەکی پتەوی بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و گۆڕینی عەقڵیەتی کۆمەڵایەتی کورد لە ژێردەستەییەوە بۆ ڕەتکردنەوە و ئازادیخوازی دروستکردووە.

**وشە کلیلییەکان:** ئەدەبیاتی کوردی، بەرەنگاری، کۆمەڵناسیی ئەدەب، هۆشیاری شۆڕشگێڕی، باشوری کوردستان.




. ناو: ئازاد محەمەد سەعید

بروانامە: ( دکتۆرا)

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

شوێنی کار: زانکۆی / کۆیە کۆلیجی / پەروەردە بەشی کوردی خانەنشین


## ڕۆڵی دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی لە شۆڕشی نوێ ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی فاتێلا دا


پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا لایەنێکی نەبینراوی پەراوێزخراوی ئەرکی مرۆڤایەتی خراوەتە ڕوو ، کە ڕۆڵی گرنگی دکتۆرەکان و کارمەندانی تەندروستییە لە شۆڕشی نوێدا لە کاتی جینۆساید و کیمیابارانکردنی گەلی کوردستاندا ، کە دکتۆر و کارمەندی تەندروستی شۆڕش دەستبەکار بوون لەم بوارەدا. خۆشەویستی ڕاستەقینەی نێوان دکتۆری شۆڕش ئاتێلا و فاتیمە خانی خۆشەویستی ، خەریک بوو موعجیزە دروست بکەن. ئەم توێژینەوەیە ، کەتیایدا ڕێبازی وەسفی شیکاری و مێژوویی بەکار هاتووە ، پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجام و پوختەیەک بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ولیستی سەرچاوەکان. بەشی یەکەم تەوەری یەکەم بریتییە لە دەروازەیەک بۆ جینۆ ساید و ئەنفال و تەوەری دووەم بریتییە لە چەمک و پێناسەی پێشمەرگە و ڕشتەی سەربازی و پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی نوێدا ، بەشی دووەم تەوەری یەکەم بریتییە لە خولی چەکی کیمیایی لە شاخدا ، تەوەری دووەم بریتیە لە ڕەنگدانەوەی کەسێتی کارەکتەری دکتۆری شۆڕش لە ڕووداوەکانی ڕۆمانی (فاتێلای) مهاباد قەرەداغیدا. گرنگی ڕۆڵ و کاریگەری دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی و پەرستاران بەنهێنی لەشارەکان و کارمەندان بە ئاشکرا لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، وێڕای کاردانەوەی هەستی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر تەعریب لە کوردستان بە گشتی بە تایبەتی لەدەڤەری گەرمیاندا ، هەڵکەوتنی خۆشەویستییەکی بێگەرد لە نێوان فاتیمە و ئاتێلادا لە ڕۆمانەکەدا لەلایەن ڕۆماننووس (مهاباد قەرەداغی)یەوە خراوەتە ڕوو.



ناو: هەرێم عوسمان مەعروف
بڕوانامە: دکتۆرا
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی هونەر/ بەشی سینەما



ناو: سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا
بڕوانامە: دکتۆرا
پلەی زانستی: مامۆستا
شوێنی کار: ب. پ. شارەزوور/ ئامادەیی شەهید دانا

---

# نەجمەددین بیوککایا و ڕۆڵی لە شۆڕشی نوێی کوردستاندا ١٩٧٦-١٩٨٣

## پوختە

زۆرن ئەو سیاسییە کوردانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە ڕۆڵی دیار و بەرچاوییان لە شۆڕشی نوێی کوردستان دا هەبووە، بێگومان نەجمەددین بیوککایا(کاک سەلاح) کە شۆڕشگێڕێکی باکووری کوردستانە، یەکێک بووە لە دیارترین ئەو سیاسییانەی، کە بە شاهیدی زۆرێک لە سەرکردایەتی سیاسی و مەیدانی شۆڕشی نوێ ڕۆڵێکی یەکجار دیار و بەرچاوی لە شۆڕشی نوێی کوردستاندا هەبووە. لەم توێژینەوەدا و بۆ یەکەمینجار بە شێوەی توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییە دەستی یەکەمینەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کارەکتەری مێژوویی "نەجمەددین بیوککایا" و ڕۆڵی هەمەلایەنەی لە بەشداریکردن لە شۆڕشی نوێدا بکەین. نەجۆ وەک یەکێک لە بکەرە کاریگەرەکانی شۆڕشی نوێی کوردستان، بە جەختکردنەوە لەسەر دووانەیی "هاوکاری لوجستی" و "تۆمارکردنی مێژوویی" ڕۆڵی لەم توێژینەوەدا دەخرێتەڕوو. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لە دەوری ئەو پرسیارە دەسووڕێتەوە: بیوککایا چۆن توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندییە فراوانەکەی و شارەزایی جوگرافی و تەکنیکییەوە، هاوکاری گەورەی ژێرخانی لوجستی شۆڕش بکا و هاوکات لە ڕێگەی یاداشت و فۆتۆگرافەکانییەوە "مێژوویەکی بینراو و نووسراو" بۆ ئەو قۆناغە بەرهەم بهێنێت؟

سەبارەت بە گرنگی توێژینەوەکە؛ بەگوێرەی زانیاری ئێمە ئەمە یەکەمینجارە کە توێژینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ تایبەت دەکرێت بە نیشاندانی ڕۆڵ و بەشداری شۆڕشگێڕی گەورەی باکووری کوردستان نەجمەددین بیوککایا لە شۆڕشی نوێی باشووری کوردستاندا. توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری دەبەستێت و بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک سەرچاوەی دەستی یەک وەکو: "شایەتی هاوڕێکانی لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی"، "یاداشتە ڕۆژانەییەکان" و "ئەرشیفی وێنەیی" توێژینەوەکە ئەنجام دەدرێ.

**وشە کلیلیەکان:** نەجمەددین بیوککایا، شۆڕشی نوێ، پشتیوانی لوجستی، ئەرشیفی مێژوویی، مێژوونووسی بینراو(فۆتۆگراف).



**ناو:** ڕەنجدەر محەمەد عەزیز

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**شوێنی کار:** زانکۆی هەڵەبجە / کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو

**ئیمەیل:**

---

## سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) ١٩٩٨-١٩٩١

**پوختە**

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوور لە ساڵی ١٩٨٨، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕی و حکومەتی بەعس پێیوابوو توانای کۆتایی بە بەرگریی چەکداری هێناوە. لە وەڵامدا، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ستراتیژێکی نوێی خەباتی داڕشت و لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بڕیاری دامەزراندنی سوپای ڕزگاری کوردستان (س.ر.ک) درا، کە لە ئەندامانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار و پێشمەرگە دابڕاوەکان پێکهاتبوو. ئامانجی سوپاکە گواستنەوەی بەرخودانی چەکداری بۆ ناو شارەکان و لێدان لە دامودەزگا ئەمنی و سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بوو.

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی مێژوویی- شیکاری و بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە، کتێب، یاداشت، نامە، بروسکە و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، لە دروستبوونی هەلومەرجی دامەزراندنی سوپاکە، پێکهاتەکەی، سنووری کار و چالاکییەکانی لە ماوەی ١٩٨٨ تا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەکۆڵێتەوە. هەروەها، توێژینەوەکە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان دەداتەوە؛ لەوانە هۆکارەکانی دامەزراندنی سوپاکە، ئاستی سەرکەوتنی لە بەدیهێنانی ئامانجەکان، پەیکەربەندی و چەندێتیەکەی لەگەڵ شێوازی خەبات و ڕۆڵی لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١. بەهۆی کەمی سەرچاوە و نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە، ئەم توێژینەوەیە گرنگە لە خستنە ڕوویی ئەو ئەنجامەی کە هەرچەندە هەلومەرجی ئەمنی و گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی کەنداوی دووەم وای کرد سرک نەتوانێت تەواوی ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، شێوازە سەربازیە نهێنی و بە دیسپلینیەکەی لە کارکردن وەڵامێکی ستراتیژی بوو بۆ دۆخی دوای ئەنفال و بەردەوامیدان بەخەباتی نهێنی لە ناوشار و دابینکردنی بنەمای بەردەوامی خەباتی چەکداری لە دواتردا .

**کلیلە وشەکان:** ئەنفال، یەکێتی نیشتمان کوردستان، پارتیزانی، ڕێکخراوی ناو شار، سوپای ڕزگاری کوردستان.



**ناو:** عبدالواحد ادریس شریف

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**شوێنی کار:** زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی

---

## هونەری بەرەنگاریی لە(شۆڕشی نوێدا )تیپی مۆسیقای (شەهید کارزان) بەنمونە

**پوختە**

هونەری بەرەنگاریی هونەرێکە ئاوێتەی ناخی تێکۆشەرانی ڕێ ی خەباتە، لەکاتی ڕاپەڕین و شۆڕشدا دەبێتە هەوێنی جۆشدانی جەماوەر و هاندانیان بۆ سووربوون لەسەر خەباتی بەردەوام و کۆڵنەدان و بەرەنگاریی بوونەوەی ستەم و چەوسانەوە، کە داگیرکەر و دوژمن لەم ڕێگەیەوە گەل دەچەوسێننەوە، هەموو هونەرەکان بەڵام ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی سروود و گۆرانی نیشتمانی لە (شۆڕشی نوێ) دا دەخەینە ڕوو، باس لەگرنگی سروودی بەرەنگاریی دەکەین بەنمونەی (تیپی مۆسیقی شەهید کارزان) کە شان بەشانی تفەنگی پێشمەرگە دەجەنگێ، بەڵام کاریگەری لە تفەنگیش زیاترە چونکە دەگاتە دوا کونجی نیشتمان، کاریگەری لەسەر خوێندەوار و نەخوێنەدەوار دەکات لەڕێ ی بیستن و ئێژگەوە، وره و جۆش و خرۆش دەداتە پێشمەرگە و هانی جەماوەر دەدات هاوکاری شۆڕش بن، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بەشێکە لەمێژووی شۆڕشی نوێ کە بەشداری بەرچاوی هەبووە بەتۆمار کردنی سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەشداری لەئاهەنگ و بۆنەکانی شۆڕشدا، کۆمەڵێك هونەرمەندی پێشمەرگە لەماوەی کارکردنیاندا زیاتر لە (45) سروود و گۆرانی نیشتمانی و پارچە مۆسیقایان تۆمار کردووە، ئێمە بە میتۆدی (مێژوویی و شیکاری) کارمان کردووە، بۆ ئەوە ڕۆڵی گرنگی ئەم تیپە بخەینە بەرچاو و بەوردی سروود و گۆرانیەکانمان شیکردۆتەوە کە باس لەمێژووی پڕ شکۆ و ئازایەتی پێشمەرگە و ڕەوابوونی شۆڕشەکە و پیرۆزی شەهید و درندەیی دوژمن دەکات بەسروودی جۆراوجۆر، بەئاوازی پڕ جۆش و وشەی هەست بزێن ئاسۆی سەرکەوتن نیشان دەدەن.



ناو :لقمان محمد احمد یارەویسی

پلەی زانستی :پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بڕوانامە :دکتۆرا

شوێنی کار :بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سیدصادق، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق



ناو :سیڤان عمر اسماعیل

پلەی زانستی :مامۆستا

بڕوانامە :ماستەر

شوێنی کار :زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی ئینگلیزی

**بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پەیوەندیی بە ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی شاخ لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی سەردەمی شۆڕشی نوێدا**

## پوختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسینی ئاستی «بیرکردنەوەی داهێنەرانە» و «ئاسایشی دەروونی» و دۆزینەوەی سروشتی پەیوەندیی نێوانیانە لای مامۆستایانی شاخ لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی سەردەمی شۆڕشی نوێدا (١٩٧٦-١٩٩١). هەروەها دۆزینەوەی جیاوازیی ئاماری لەم دوو گۆڕاوەدا، بەپێی گۆڕاوە کانی (ڕەگەز و باری خێزانداری). توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە.

نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی مەبەستدار پێکهاتبوو لە (٥٩) مامۆستای سەردەمی شاخ بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، ڕاپرسییەکی تایبەت دارڕێژرا کە لە (٤٠) برگە و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوو، دوای دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیرییەکەی، داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی SPSS شیکرانەوە



ناو: هاونیاز سامی صابر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بڕوانامە: دکتۆرا
شوێنی کار: زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی / کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی / تەکنیکی میدیا



ناو: عومەر کەریم شەریف
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
بڕوانامە: ماستەر
شوێنی کار: زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی / کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی / تەکنیکی میدیا


# ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی شۆڕشی نوێ (١٩٧٥ - ١٩٩١) لەژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژنامەی (الشرارة)دا


## پوختە

ڕۆژنامەی (الشرارە) یەکێکە لەو چاپکراوە ڕۆژنامەوانییانەی کە لەسەردەمی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەگرنگی ڕۆژنامەوانی بۆ ئاڕاستەکردن و خستنەڕووی گوتاری جوڵانەوەی نوێی سیاسی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا، تیشک دەخەنە سەر شیکردنەوەی "ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان" لە ڕۆژنامەی (الشرارە) وەک نموونەیەکی دیاری ڕۆژنامەگەریی حزبی وئایدۆلۆژی لە مێژووی عێراق و کوردستاندا.
توێژەران جۆری میتۆدی وەسفی و بەڕێگای "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" (Content Analysis) بۆ ژمارە هەڵبژێردراوەکان، بە بەکارهێنانی هەردوو ڕێبازی (چەندایەتی- Quantity) بۆ ژماردنی دووبارەبوونەوەی بابەتەکان و (چۆنایەتی- Qualitative) بۆ لێکدانەوەی قووڵی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان بەکارهێناوەو هەوڵیانداوە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەدیبێنن، کەگرنگترینیان بریتییە: لەپۆلێنکردن و شیکردنەوەی ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانییانەی کەڕۆژنامەی (الشرارة) بۆگەیاندنی گوتاری سیاسی شۆرشی نوێ بەکاریهێناون. دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی کەتوێژەران پێی گەیشتوون بریتین لە:
ڕۆژنامەی (الشرارة) لەداڕشتنی پەیامەکانیدا زیاتر پشتی بە " ژانرە شیکاری و ڕاوبۆچوونەکان " بەتایبەت لەجۆری وتارو سەروتار بەستووە، ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسروشتی بانگەشە ئامێز و ئاڕاستەکراوی ڕۆژنامەکە کەجووڵاندن وئاڕاستەکردنی جەماوەر بووە، بەئامانجی دەستپێکردنەوەو ڕاگەیاندنی قۆناغێکی نوێی خەبات بۆ هێنانەدی مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەژێر ناوی شۆڕشی نوێ دا.
توێژەران گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی کە پەیکەری هونەریی (الشرارە) و هەڵبژاردنی ژانرەکان، لەخزمەت گوتاری سیاسیی و خەباتی چەکداری داڕێژراون و فۆرمی هونەری و داڕشتنی نوێ بۆ مەبەستی چەسپاندنی ئایدۆلۆژیا و سەرخستنی بەرنامەکانی شۆڕشی نوێ بەکارهاتوون.



**پشتیوان شفیق احمد**
**پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**بڕوانامە :دکتۆرا**
**شوێنی کار :زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان ،بەشی جوگرافیا**

## گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان لە قەزای پشدەر خوێندنەوەیەکی جوگرافی بۆ سیاسەتی ڕژێم دژی شۆڕشی نوێ (1976-1991)

**پوختە**

قەزای پشدەر بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییە سنووریی و ستراتیژییەکەیەوە لە نێوان عێراق و ئێراندا، لەگەڵ بوونی چەندین زنجیرە چیای سەخت و سەرکەش، بە درێژایی ماوەی شۆڕشی نوێ (1976-1991) بووە یەکێک لە سەرەکیترین مەڵبەندەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد. بەم هۆیەوە ڕژێمی بەعس بۆ لاوازکردنی ژێرخانی مرۆیی و لۆجستیکیی پێشمەرگە، پەنای بردە بەر سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندە سنوورییەکان و دروستکردنی ئۆردووگای زۆرەملێ. ئەم توێژینەوەیە گرنگیی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەی دیمۆگرافیانەی کە بەهۆی ئەم سیاسەتەوە بەسەر ناسنامەی جوگرافی و مرۆیی قەزای پشدەردا هاتووە، وەک بەشێک لە مێژووی کەمتر ڕوونکراوەتەوەی شۆڕشی نوێ، هەروەها بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ڕژێم جوگرافیای زەوی و مرۆڤ وەک چەکێک دژی پێشمەرگە بەکارهێناوە.

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو ناوچە و گوندانەی پشدەر کە زۆرترین زیانی دیمۆگرافییان بەرکەوتووە، لەگەڵ شیکردنەوەی قۆناغەکانی ڕاگواستن و ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی ڕژێم لە پشتی چۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکاندا، هەروەها ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی جوگرافیای پشدەر لە دابینکردنی قووڵایی ستراتیژی بۆ هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا و کاریگەریی ڕاگواستن لەسەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەکە کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی ماون.

لەم توێژینەوەیەدا چەند دەرئەنجامێك یەکەمیان کە ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندەکان لە چوار قۆناغی سەرەکیدا (1977-1989)، ڕێژەی دانیشتووانی گوندنشینی پشدەر لە (62,4٪) بۆ (17,8٪) دابەزاند و بەرەو شارنشینبوونێکی زۆرەملێی هاندا، کە هێشتا ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر پێکهاتەی دیمۆگرافی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەکە ماونەتەوە؛ دووەم، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی ڕژێم بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە، سووتاندنی گوندەکان و پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان گوندنشین و پێشمەرگە، شۆڕشی نوێ توانی لەڕێگەی گۆڕینی ستراتیژی سەربازی بەرەو جەنگی پارتیزانیی دوورمەودا و پشتبەستن بە ئۆردووگا زۆرەملێکانی خۆی وەک ناوەندی نوێی ڕێکخستنی نهێنی و دابینکردنی پێشمەرگەی نوێ، بەرگەی ئەو سیاسەتە بگرێت و بەردەوامیی خەباتی چەکداری بپارێزێت .

کلیلە ووشەکان: قەزای پشدەر، ڕاگواستنی زۆرەملێ، شۆڕشی نوێ، گۆڕانی دیمۆگرافی، ئۆردووگای زۆرەملێ

ناو: صادق ابراهیم محمدصالح
بروانامە: ( ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا)
پلەی زانستی : نیە
شوێنی کار: مامۆستا لە ئامادەیی ڕۆژهەلات، قەڵادزێ، پەروەردەی پشدەر)



## ڕۆڵ و پێگەی ناوچەی پشدەر لە شۆڕشی نوێدا لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٦-١٩٨٩)

## پوختە

ناوچەی پشدەر ئەو ناوچە جوگرافییە کە کەوتووەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بە دووری ١٧٥کم، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری ١٩٧٦ ناوچە سنورییەکانی پشدەر بوونە مەکۆی شۆڕشگێڕان، ئەمەش بە پشتبەستن بە تۆبۆگرافیا و شوێنی جوگرافی ناوچەکە، کە مەودایەکی درێژی هەبوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان(ئێران)دا، لە ڕووی جیۆ-سیاسییەوە هێزێکی بە ناوچەکە بەخشی بوو، گرنگی ناوچەکەی زیاتر کردبوو بۆ شۆڕش و شەڕی پارتیزانی، کە ئامانجی ئەو قۆناغە بوو. ئەمە سەرەڕای هاوکاری و بە پیلەوەچوونی خەڵک بۆ شۆڕش وایکرد ئەم ناوچەیە بۆ ئەو قۆناغەی شۆڕش گرنگ بێت.

ئەم توێژینەوەیە وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە، لەوانە لە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ خەڵکی ناوچەی پشدەر چۆن بەرەوپیلی شۆڕش چوون؟ ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی ناوشار لە بەیەکەوەبەستنی خەباتی شار و شاخ چی بوو؟ بەشداریکردنی ژن لە کایەی ڕێکخستن و چالاکییە سەربازی و سیاسییەکاندا چیبوو؟ هاوکارییەکانی خەڵکی پشدەر بۆ پێشمەرگە و شۆڕش خۆی لە چیدا بینیوەتەوە؟

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە مێژووی زارەکی و ئەو یادشت و بیرەوەریانە بەستراوە کە کارەکتەرەکانیان لەو ماوەیەدا لە ڕووداوەکان بەشداربوون یان بینیویانە، لێرەدا میتۆدی شیکاری-وەسفی بەکار هاتووە.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەم باسی چۆنیەتی بەشداریکردنی خەڵکی پشدەر لە شۆڕشی نوێدا کراوە، تەوەری دووەم باسی ڕێکخستنەکانی (ینک) و

ڕۆڵیان لە هاوکاریکردنی شۆڕشدا کراوە، تەوەری سێیەم دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە کایەی سیاسی و سەربازی دا کراوە، تەوەری چوارەم باس لە هاوکارییەکانی خەڵک بۆ شۆڕش و پێشمەرگە کراوە.



م. ی. سۆران حسین ابراهیم
بەشی مێژوو/ فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە
Soran.hussen@koyauniversity.org
07701902496



م. ی. روشنا فایق محمد
ب.گ.پ.سلێمانی/ پەروەردەی ڕۆژئاوا
roshnafaiq99@gmail.com
07709407378

# ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای سلێمانی"١٩٨٤-١٩٨٨"

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٨)، وەک ئامرازێکی ستراتیژی و نەتەوەیی بۆ شکستپێهێنانی پلانی ڕژێمی بەعس لە نەخوێندەوارکردنی کۆمەڵگەی کوردی و چۆڵکردنی گوندەکان کە پشت و پەنای سەرەکیی سەنگەرەکانی شۆڕش بوون، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی مێژوویی-شیکاری دەبەستێت و سوودی لە ئامرازەکانی مێژووی زارەکی وەرگرتووە لەڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ مامۆستا وە شاهێدحاڵەکانی ئەو سەردەمە تاوەکو وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعی پەروەردەیی ئەو قۆناغە بهێنرێتە بەرهەم، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە ئەرکی مامۆستای شۆڕش هەمەچەشن بووە جیا لە وانەوتنەوە، ڕۆڵی برینپێچ، چارەسەرکەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پارێزەری قوتابییانی بەجێهێناوە، پرۆسەکە بە پشتیوانیی لقی شۆڕشی یەکێتیی مامۆستایان و ڕۆڵی کارای شانە نهێنییەکانی ناو شار بەڕێوەچووە، کە کەرەستە و پێداویستییەکانیان بۆ مامۆستایانیان قوتابخانەکان دابین کردووە، هەروەها دابەشبوونی مامۆستایان بەسەر گوندەکانی ناوچە جیاوازەکانی وەک (دۆڵی جافایەتی، شارباژێڕ، قەرەداغ، مەرگە و گەرمیان) بەپێی ژمارەی دانیشتووان بووە، ئەوەشمان بیرنەچێت کە خەڵکی گوندەکانیش هاوکارێکی بنەڕەتیی پرۆسەکە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا، خوێندنەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی سەخت بووەتەوە، لەوانە بۆردومانی ئاسمانیی بەردەوام، سەختیی بژێوی، ئەگەرچی شۆڕش هاوکاری کردوون، هەروەها بەخشینی قوربانییەکی زۆر کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و قوتابییان بوونە قوربانی و کوژراون، یان لە پەلامارە شۆڤێنییەکانی ئەنفالدا کۆچبەر و بێسەروشوێن کراون، سەبارەت بە پرۆگرامەکان، هەمان پەرتووکە فەرمییەکانی خوێندن بەکارهێنراون، بەڵام تەواوی ئەو بابەت و وێنانەی پەیوەست بوون بە ئایدۆلۆژیای بەعسەوە لابرابوون، لە کۆتاییدا خوێندنی سەرەتایی لە شاخ توانی ڕێگری لە داڕمانی پەروەردەیی بگرێت و گیانی بەرەنگاربوونەوەی نیشتمانی لە قووڵایی گوندەکاندا بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

کلیلە وشەکان: ناوچە ئازادکراوەکان، مامۆستای شۆڕش، یەکێتیی مامۆستایان، ڕێکخستنەکانی ناو شار، پارێزگای سلێمانی.



ناو: زانا فەقێ محەمەد

بڕوانامە: ( دکتۆرا).

پلەی زانستی : مامۆستا.

شوێنی کار: زانکۆی گەرمیان / کۆلیجی پەروەردە / بەشی مێژوو.

ناو: زانا فەقێ محەمەد

---

## ناونیشانی توێژینەوە : ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سوپای عێراق لەپرۆسەی ئەنفالد ، قۆناغی (سێ) بە نموونە.

**پوختە**

ئەنفال، پرۆسەیەکی سەربازیی پلان بۆ دارێژراو بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە مەبەستی لە ناوبردنی شوناسی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان پیادەی کرد، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ساڵی 1975 بە ڕابەرایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، توانیبوویان بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان ئازاد بکەن، هەربۆیە حکومەتی عێراق تاوانی ئەنفالی لە 23ی شوباتی 1988 دەستپێکرد لە 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی پێهێنا، بە جۆرێك بەسەر هەشت قۆناغ لە شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێیکرد. لە قۆناغی دووەمی پرۆسەی ئەنفالدا حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەرناوچەکانی (سێ)، بە مەبەستی ڕێگریکردن لەوێرانکردنی ناوچەکان و پاراستنی گیانی دانیشتوانی ناوچەکە، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە ، بە جۆرێك چەندین کوژراو لە هەر دوولا کەوتەوە .

توێژینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دووباسی سەربەخۆ و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. لە باسی یەکەم بە ناونیشانی ئەنفالی قۆناغی (سێ)، تێیدا هۆکار و چۆنێتی دەستپێکردنی پلانی حکومەتی عێراق بۆ ئەنفالی ناوچەکانی (گەرمیان) خراوەتەڕوو، هەرچی باسی دووەمە بەناونیشانی (ڕڕووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (سێ) بە نموونە) ، تێیدا باسمان لە ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کردووە چۆن لە ڕێگایی دانانی پلان و نەخشەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەتەوە بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە ، هەروەها هەوڵدراوە ژمارە کوژراوانی هەردوولا بخرێتە ڕوو.

کلیلە وشە: ئەنفال، سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە، گەرمیان، ڕووبەڕووبوونەوە.



**ناو: ئارام ئەسعەد عبدالرحیم**

**بروانامە:  دوکتۆرا**

**پلەی زانستی : مامۆستا**

**یەکەی سەرپەرشتیاری، بەڕێوبەرایەتی پەروردەی هەڵەبجەی شەهید،**

**وەزارەتی پەروردە ،هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان/عێراق**

## شۆڕشی نوێ و بونیادنانەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد (1976-1991)

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە ، توێژینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە لەسەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستان  .توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر دۆخی دەروونی و سیاسیی دوای نسکۆی ساڵی 1975 و ڕێککەوتننامەی جەزائیر، کە تێیدا ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی تەعریب، ڕاگواستنی زۆرەملێ، تێکدانی گوندەکان، دروستکردنی کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان و خستنەگەڕی چەکدارانی خۆجێیی (جاشایەتی) ، هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردی دەدا.

لە ناو ئەم شۆکە دەروونییەدا، سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ لە ساڵی 1976دا تەنها دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی ستراتیژی بوو بۆ بونیادنانەوەی شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای هۆشیاریی سیاسی، کادرسازی، ئەدەبیاتی بەرگری و میدیای شۆڕشگێڕی .توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی-شیکاری گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە شۆڕشی نوێ توانی کەسایەتیی تاکی کورد لە حاڵەتی (بێئومێدی و قوربانیبوون)ەوە بگۆڕێت بۆ کارەکتەرێکی (بەرگریکار و ئومێدبەخش)، کە بەها و ئینتیمای نەتەوەیی خستە سەرووی ئینتیما تەقلیدییەکانەوە.

وشە کلیلییەکان: شۆڕشی نوێ، شوناس ، بونیادنانەوەی شوناس، شوناسی نەتەوەیی




**ناو:** ڕێبین سعید مەلا

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** مامۆستا

**شوێنی کار:** زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب/ بەشی مێژوو

**ئیمەیل:** rebin.haji@soran.edu.iq

---

# وێناکردنی پرسی کورد لە ڕۆژنامەگەریی فەرمیی سووریادا (١٩٧٥-١٩٩١): ڕۆژنامەی تشرین وەک نموونە

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە چۆنیەتی وێناکردنی پرسی کورد لە گوتاری میدیایی و فەرمیی دەوڵەتی سووریادا لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١)، بە پشتبەستن بە ڕۆژنامەی (تشرین) وەک نموونەیەکی باڵای ڕۆژنامەگەریی حکوومی. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئەم قۆناغە مێژووییە، سەردەمی چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی بەعس و گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی عەرەبییە، و تێیدا پرسی کورد وەک کارتێکی سیاسی و ستراتیژی لە گوتاری میدیایی سووریادا ئامادەیی هەبووە.

توێژینەوەکە سەرەتا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، پاشان سوود لە میتۆدەکانی وەسفی، شیکاری و ساغکردنەوە، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت: ڕۆژنامەی تشرین چۆن مامەڵەی لەگەڵ پرسی کورد لە ناوچەکەدا کردووە؟ ئایا پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی، کولتووری، یان ئەمنی نیشان دراوە؟ هەروەها توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو دوو فاقییەی لە گوتاری میدیایی سووریادا هەبووە، کە لە لایەک پشتگیری لە جوڵانەوە کوردییەکانی وڵاتانی دراوسێ کردووە بۆ مەرامی سیاسی، و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی سڕینەوە یان پەراوێزخستنی کوردی لە ناوخۆی سووریادا داوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە وێناکردنی کورد لە ڕۆژنامەی تشریندا، وێنایەکی ئامرازی بووە و بە پلەی یەکەم بۆ خزمەتکردنی ئەجێندای دەرەکیی سووریا و دژایەتیکردنی عێراق بەکارهاتووە، نەک وەک بڕوابوونێکی بنەڕەتی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. و زۆرجار وەک بابەتێکی لاوەکی یان لە چوارچێوەی یەکێتیی نەتەوەیی عەرەبیدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەبێ دانانن بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ و کاریگەر.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆژنامەی تشرین، پرسی کورد، حکومەتی سووریا، گوتاری سیاسی.



**ناو:** ڕێواس فتاح محەمەد صاڵح

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** مامۆستا

**شوێنی کار:** ب. پ. ڕۆژئاوا/ ئامادەیی(ڕۆژ)ی کچان

**ئیمەیل:** rewas.fatah@spu.edu.iq

---

# ڕۆڵی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار لە شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١)

**پوختە**

لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێمی بەعسی فاشیست پێیوابوو توانیویەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و خەباتی شۆڕشگێڕی و چەکداری لە باشووری کوردستان لەناوببات؛ بەڵام شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جارێکی دیکە بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە دەستی بە خەبات کردەوە، بەتایبەتی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان (تەنزیمات)، لەو قۆناغەدا بە شێوەی شانەی بچووک و بە ستراتیژییەکی تۆکمە، بوون بە دەماری ساردی شۆڕش و ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەردەوامبوونی خەباتی ڕزگاریخوازی گێڕاوە .

گرنگی توێژینەوەکە لە ناساندنی کاری ڕێکخراوەیی و ڕۆحی شۆڕشگێڕی ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە نهێنییانە سەرچاوەی گرتووە، کە وزە و توانایان بەشۆڕشی نوێ بەخشیووە، هەتا بەرگەی فشارەکانی حکومەتی بەعس بگرن و بە شێوازێکی هاوچەرخ درێژە بەخەباتی شۆڕشگێڕیی بدەن.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕۆڵی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکانە لە دەستپێکردنەوە و بەردەوامیدان بە خەباتی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان لە ساڵانی (١٩٧٦–١٩٩١)، هاوکات نیشاندانی ئەو میکانیزمانەیە، کە بەهۆیانەوە خەباتی شاخ و شار پێکەوە بەستراوە و چین و توێژە جیاوازەکان لە خەباتی نەتەوەیی بەشدار بوون .

توێژینەوەکە میتۆدی مێژووی زارەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەندامانی ڕێکخستنەکان و شایەتحاڵییە زیندووەکان بەکارهێناوە. بە پشتبەستن بە یاداشت و ژیاننامە و سەرچاوە زانستییەکانی پەیوەست بەم بابەتە میتۆدی مێژووی وەسفی و شیکاریی تیۆری بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە.

**وشە کلیلییەکان:** ( ڕۆڵ، ڕێکخستنە نهێنییەکان، ناو شار، شۆڕشی نوێ، باشووری کوردستان).



**ناو:** ئازاد مەجید محەمەد ئیسماعیل

**بڕوانامە:** دکتۆرا

**پلەی زانستی:** مامۆستا

**شوێنی کار:** زاکۆی کەرکوك/ کۆلێجی ئاداب/ بەشی مێژوو

**ئیمەیل:** azad.majied@uokirkuk.edu.iq

---

# پێگەی کەرکوک لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ك) (١٩٧٥-١٩٧٩)
# (توێژینەوەیەکی مێژوویی)

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵ و پێگەی ستراتیژیی شاری کەرکووک لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ك) و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکانی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٥ - ١٩٧٩). توێژینەوەکە شیکاری بۆ بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان دەکات لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران، کە بووە هۆی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول. لەم ڕوانگەیەوە، کەرکووک بەهۆی پێگە جوگرافی و ئابووری و دیموگرافییە تایبەتەکەیەوە بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ لەخۆگرتنی بیرۆکە نوێیەکانی خەباتی سیاسی و فکریی کورد بە ئاراستەیەکی پێشکەوتووخوازی چەپڕەو و نیشتمانی. هەروەها ڕۆڵی دیاری بژاردەی ڕوشنبیران، کادیران و خوێندکارانی شاری کەرکووک، دەخاتە ڕوو لە دروستکردنی یەکەمین شانە ڕێکخستنییەکان، پشتگیریکردنی یەکەمین مەفرەزە چەکدارەکان، و بەرگەگرتنی گرتن و ڕاگواستنی خێزانەکانیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. توێژینەوەکە دەسەلمێنێت کە کەرکووک تەنها گۆڕەپانی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو بڕبڕەی پشتی ڕێکخستن و جەماوەریی دامەزراندن و بەهێزکردنی (ی.ن.ك) بووە لە سالآنی یەکەمی تەمەنیدا .

**وشە کلیلییەکان:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکووک، ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥، بزووتنە وە ی نە تە وە یی کورد، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، خەباتی نهێنی، شۆڕشی نوێ.





ناو: د.ابراهیم حاجی زەڵمی
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستا
شوێنی کار: زانکۆی ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە، بەڕێوبەرێتی گشتی هەڵەبجە

ناو: سەرکۆ یونس عبدالکریم
بڕوانامە: ئابووریناس
پلەی زانستی:
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەڵەبجە، وەزارەتی پەروەردە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

## ڕەهەندە سیاسی و کارگێڕییەکانی لامەرکەزییەت لە سەردەمی شۆڕشدا
## ( ئەنجومەنی گوندەکان وەک مۆدێل)

**پوختە:**

بێگومان، فۆرمەڵەکردنی سیستەمی حکومڕانی و دابەشکردنی دەسەڵات لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، هەمیشە لە نێوان "پێویستییە ناچارییە سەربازییەکان" و "خواستی قووڵی کۆمەڵگە بۆ دامەزراوەییبوون"دا لە ململانێدا بووە. بەردەوام پاوانخوازی زیاتری ناوەند و عەقڵی سەنترالگەرایی، بکوژی خەم و خەونی قووڵی دیموکراسی و بەدەزگاییبوونی کوردەواری و خەڵکی هۆشمەندی ناوچەکەبووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی گرنگی ئەم مێژووە لەڕێگەی پشکنینێکی سۆسیۆ-سیاسی بۆ ئەزموونی "ئەنجومەنی گوندەکان"، کە وەک مۆدێلێکی پێشوەختەی لامەرکەزییەت و خۆبەڕێوەبەریی جەماوەری لێی دەڕوانرێت. توێژینەوەکە شیکاری بۆ ئەم ئەزموونە دەکات وەک هەوڵێکی پێشەنگ بۆ چەسپاندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندی.

توێژینەوەکە دەیەوێت تیشک بخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییە پێکهاتەییانەی لەپەیوەندی نێوان "شۆڕش و کۆمەڵگە"دا ڕوویانداوە، بەتایبەت پرۆسەی گواستنەوەی شەرعییەتی بڕیاردان بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی جەماوەر و تێپەڕاندنی هێزەکۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان. هاوکات، ئەو میکانیزمە کارگێڕی، دادوەری و داراییانە دەخاتەڕوو کەتوانییان سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بۆ گوندەکان و "ناوچە ئازادکراوەکان" دابینبکەن، کەلەو قۆناغەدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی بڕیاری شۆڕشدا بوون. لەکۆتاییدا، لێکۆڵینەوەکە ئەو بەربەستە بابەتییانە دەستنیشان دەکات کە ڕێگربوون لەگەشەکردنی زیاتری ئەم مۆدێلە. ئەم توێژینەوەیە پشتبەستن بە"میتۆدی شیکاریی مێژوویی" و پاڵپشت بە داتای مەیدانی و چاوپێکەوتن، دەیەوێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە کەڵەکەبوونی مەعریفی و مێژوویی ئەم ئەزموونە، دەکرێت وەک بنەمایەکی فیکری بۆ داڕشتنەوەی سیستەمی حکومڕانیی خۆجێیی و کاراکردنی لامەرکەزییەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی ئەمڕۆدا

سوودی لێ وەربگیرێت، بەئامانجی گەڕاندنەوەی متمانە بۆ هاووڵاتی وەک "بکەرێکی سەرەکی" لە پرۆسەی بڕیاردانی گشتیدا.



**سەباح عەلی سلێمان**

**بڕوانامە: ماستەر**

**پلەی زانستی: مامۆستا**

**شوێنی کار: زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە / بەشی مێژوو**

## پارتیزانەکانی گەرمیان پاش شاڵاوەکانی ئەنفال (١٩٨٨- ١٩٩١)

## شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە بە نموونە

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی مێژوویی- شیکارییە لەسەر خۆڕاگری و مانەوەی مەفرەزە پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی گەرمیان لە قۆناغی پاش جینۆسایدی کورد (١٩٨٨-١٩٩١). دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ڕژێمی بەعس تەواوی گوندەکانی داڕوخاند و سنورەکەی وەک (ناوچەی قەدەغەکراو) ناساند تا ڕێگری لە هەر چەشنە جووڵەیەکی سەربازی و سیاسی بکات. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە تیشکخستنە سەر شێواز، ئامراز و تاکتیکەکانی مانەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکانە لە ناو جەرگەی گەمارۆکاندا. بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە میتۆدی مێژوویی- شیکاری لە پاڵ میتۆدی مێژووی زارەکی بەکارهێناوە. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریئەخەن پارتیزانەکان لە ڕێگەی دارشتنی تاکتیکی نوێی حەشارگەسازی وەک (کەلەوەز و ئەشکەوتەکان)، دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ شانەی شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، پێشکەشکردنی قوربانیی گەورە لە سەرروویانەوە داستانی داری خلە توانییان لە ڕووی چەکداری و دەروونییەوە بەرەنگاری سیاسەتی سڕینەوەی بەعس ببنەوە. ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە مانەوەی پارتیزانەکان نەک هەر پیلانی بەعسی- بۆ سڕینەوەی شۆڕش پووچەڵ کردەوە، بەڵکو ورەی جەماوەری بە زیندوویی هێشتەوە و بووە داینەمۆی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی جەماوەر و سەرکوتکردنی دەزگا ئەمنییەکان لە ڕاپەڕینی (بەهاری ١٩٩١)دا.



**ناو: نەشمیل عەلی عبدول**

**بڕوانامە: ماستەر**

**پلەی زانستی: مامۆستا**

**شوێنی کار: دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی توێژینەوەی زانستی**

## ئەنترۆپۆلۆژیای جێندەر و خەباتی نیشتمانی: شیکردنەوەی بکەرێتی سیاسی و لۆجستیی ژنان لە جومگەکانی شۆڕشی نوێ و گوڵاندا (١٩٧٦-١٩٩١)

پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دیدێکی ڕەخنەیی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە، پانتاییە شاراوەکانی بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٧٦-١٩٩١) بخاتە ژێر وردبینەوە. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە مێژوونووسیی فەرمیی کوردی، بەهۆی هەژموونی دیدگای باوکسالارییەوە، ڕۆڵی ژنانی وەک پاشکۆ یان تەنیا قوربانیی جەنگ وێنا کردووە. لە بەرانبەردا، ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی "بکەرێتی سیاسی" (Political Agency) و "مێژووی پەراوێزخراوەکان"دا (Subaltern Studies) دەیسەلمێنێت کە ژنان لە ناو سەرجەم ئاراستە سیاسییەکاندا (بە تایبەت لە شۆڕشی نوێ و شۆڕشی گوڵاندا) بڕبڕەی پشتی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار و لۆجستیی شاخ بوون.



**هۆگر حسن پیرداود**
**پلەی زانستی: مامۆستا**
**بڕوانامە: دکتۆرا**
**شوێنی کار: زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر / ئاداب / مێژوو**

# ڕێگاکانی دابینکردنی پێداویستی پزیشکی لە شۆڕشی نوێدا (١٩٧٦-١٩٩١)

**پوختە:**

دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە لۆجستیاتە بنەڕەتییەکانی بەردەوامی و سەرکەوتنی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی چەکدارین. لە ماوەی شۆڕشی نوێی باشووری کوردستاندا (١٩٧٦-١٩٩١)، گرنگییەکی مێژوویی بە دابینکردنی کەرستە تەندروستییەکان دراوە، چونکە هۆکارێکی سەرەکی خۆڕاگریی شۆڕشەکە بووە لە ڕێگەی چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان و گەڕانەوەیان بۆ بەرەکانی تێکۆشان. لە سۆنگەی نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستیی مێتۆدی لەسەر لایەنە لۆجستی و پزیشکییەکانی ئەم قۆناغە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ئەنجام گەیەنراوە. توێژینەوەکە پەیڕەوی لە مێتۆدی وەسفی-مێژوویی شیکاری کردووە و لە پێشەکی، دەروازە، شەش تەوەر و دەرئەنجام پێکدێت. تەوەرەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زنجیرەیی باس لە ڕۆڵی ڕێکخستنە نهێنییەکان، چالاکییە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە، حەوشەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەی پێشمەرگە دەکەن لە دەستخستنی دەرماندا. هاوکات، تیشک دەخرێتە سەر هاوکاریی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داهێنانی کەرستەی پزیشکیی جێگرەوە لە دەستپێڕانەگەیشتوویدا، و ڕۆڵی وڵاتان و ڕێکخراوە ناحکومییە ئەورووپییەکان. لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە یەکگرتنی لۆجستیاتی ناوخۆیی، پشتیوانیی جەماوەری، پێگەی جیۆپۆلەتیکی سنوورەکانی ئێران و کۆمەک و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان، پێکەوە شادەماری تەندروستیی شۆڕشیان پێکهێناوە و ڕۆڵی بنەڕەتییان لە بەردەوامی و سەرکەوتنی شۆڕشی نوێدا هەبووە، سەرەڕای ئابلۆقەی توندی ئەمنی و سیاسەتی خاپوورکردنی گوندەکان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

وشە سەرەکییەکان: شۆڕشی نوێ، پێشمەرگە، پێداویستی پزیشکی، دابینکردنی لۆجستی.

روستەم جەبار مستەفا ئەحمەد
پلەی زانستی :مامۆستا
بڕوانامە :دکتۆرا
شوێنی کار : بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی



## ڕەهەندە جیۆپۆلەتیکەکانی پارێزگای کەرکوك وکاریگەری لەسەر شۆڕشی نویٚ لەباشوری کوردستان

**پوختە**

پارێزگای کەرکوك دەکەوێتە کوردستانی باشور و ناوڕاستی هەرێمی کوردستانەوە، زنجیرە چیاکانی حەمرین سنوری باشوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان وسنوری ڕۆژئاوای ئەم پارێزگایە پێك دێنێت لە گەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا، شوێن و پێگەی کەرکوك بایەخێکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە مێژووی شورشی نوێدا، ڕەهەندە جیۆپۆلەتیکەکانی ئەم توێژینەوە بریتین لە سەرجەمی بنەما جیۆپۆلەتیکیە سروشتیەکان وەکو شوێنی جوگرافی و ئاوهەواو و تۆبۆگرافیای ناوچەکە وبنەما جیۆپۆلەتیکە مرۆییەکان وەکو ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەو پێکهاتەی ژینگەیی و ئابوری و بواری ڕامیاری ناوچەکە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر سەرخستنی شۆرشی نویٚ و بەهێز بوونی پێگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بەتایبەت لایەنی مرۆیی هێزێکی مەعنەوی هەستێکی نەتەوەیی بەهێزو جیۆپۆلەتیکی گرنگ بووە لە ڕێکخستنەکانی شورشی نویٚ و سەرخستنی ئەم پرۆسە نیشتمانیە گرنگەکەدا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو تایبەتمەندیە جوگرافیە سروشتی و مرۆیانەی ناوچەی توێژینەوە هەیبووە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەڕووداوکان وئاراستەکردنی ناوچەکەو یاخود یەکە سیاسیەکان، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام هەوڵیان داوە دیمۆگرافیای کەرکوك بگۆڕن لەڕێگەی ڕاگواستنی زۆرەملیٚ و بەعەرەبکردنی دانیشتوانی ناوچە کورد نشینەکان بەمەبەستی پاکتاوی کورد لەکەرکوك و کوردستان.

کلیلە وشەکان ( کەرکوك، شۆڕشی نویٚ، جیۆپۆلەتیك، کوردستان )



**عثمان سعید کریم ساوجی**

**بڕوانامە: ماستەر، زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣**

**پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر**

**شوێنی کار: دەزگای ئاسایش**

# ڕۆڵی شۆڕشی نوێ لە دەرکەوتنی سەرکردایەتی نوێ لە بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لەو گۆڕانکاریە ڕیشییە دەکۆڵێتەوە کە پێکهاتەی دەستەبژێری سەرکردایەتی بزاوتی ڕزاریخوازی کورد بەخۆیەوە بینیوە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥). دیارە کە گرنگی شۆڕشی نوێ تەنها لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو نوێبوونەوەی لە دەستەبژێری سەرکردایەتیشدا کردووە. لەم شۆڕشەدا سەرکردایەتیی نەریتیی (سەرکردە خێڵەکی و کۆنەپارێزەکان) پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە، لەبەرامبەردا سەرکردایەتیی نوێی گۆشکراو بە ئایدۆلۆژیای هاوچەرخ دەرکەوت، کە بەدامەزراوەیی کردن و هۆشیاریی سیاسییان پێشخست.

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول بەگشتی و سەرکردایەتی نەریتی بەتایبەتی و، سەرکەوتنی دەستبژێری نوێ، کە ململانێ و پەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمانی کاری ڕێکخراوەیی و ڕەچاوکردنی لایەنی جیۆسیاسی بەڕێوەدەبرد. هەروەها هەوڵدراوە ئەو ئاڵێنگاریە ناوخۆیی و سیاسیی و سەربازیانەش بخرێنە ڕوو کە ڕووبەڕووی ئەم سەرکردایەتییە نوێیە بوونەتەوە لەنێوان ساڵەکانی ( ١٩٧٦ – ١٩٩١)، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پێگەیشتنی ئەم سەرکردایەتییە و دامەزراندنی بەرەی کوردستانییش هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەردەوامی بەرگری لە پرسی کورد و زەمینەسازی بۆ ڕاپەڕینە مێژوویەکەی ساڵی ١٩٩١.

**جەمال مەجید فەرەج**
**پلەی زانستی :م .یاریدەدەر**
**بڕوانامە :ماستەر**
**شوێنی کار :بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی /ئامادەیی (کارۆخ) کوڕان**

# ڕەنگدانەوەی جینۆسایدکردنی باشوری کوردستان لە نێو ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) لە ژمارەکانی (١ - ٣ ) دا

**پوختە**

جەنگی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریی کوردی ڕەوشێکی کارەساتبار و ناسەقامگیری لە کوردستاندا بەدوای خۆییدا هێنا، ژمارەیەک کارەساتی مرۆیی و کۆمەڵکوژی بۆ کورد هێنا. لەوانە ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئەنفال بوو، کە تیایدا چەکی کیمیایی بەکارهات لە ئەنجامدا هەزاران کەس کوژران و بریندار و ئاوارەی وڵاتانی ئێران و تورکیا بوون بە تایبەت بۆردمانی شارۆچکەی هەڵەبجە لە١٩٨٨/٣/١٦ و گوندەکانی پارێزگای دهۆک لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا. ئەو ڕووداوانە کاردانەوەی نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ڕوماڵی ئەو ڕووداوانەیان کردووە. ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) زمانحاڵی بەرەی کوردستانی عێراق گرنگی زۆری داوە بە ڕوماڵی بۆردومانی کیمیایی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و هەڵوێستی نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

ڕۆژنامەکە لە چەندین ڕەهەندەوە ڕووداوەکانی ڕوماڵ کردووە وەک وتار و وێنە، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان ، ڕوماڵی کەناڵە میدیاییەکانی تر و لێدوانی کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵەرەوان سەبارەت بە بۆردومانی کیمیایی ناوچەکانی کوردستان بە گشتی و شارۆچکەی هەڵەبجە بەتایبەتی کردووە. هەروەها لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەم بارەوە لەسەر ڕۆژنامەی ناوبراو ئەنجام نەدراوە لەم سۆنگەیەوە بە گرنگمان زانیوە ئەم توێژینەوەیە ئامادە بکەین.

کلیلە وشە: جینۆساید ، هێرشی کیمیایی گوند و شارۆچکەکان ، ڕاگەیاندن، بەرەی کوردستانیی.



**هەڵشۆ محمد عەلی**

بڕوانامە :ماستەر
پلەی زانستی :مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار :زانکۆی گەرمیان
کۆلیج :کۆلێژی زانست
بەش :خۆراک زانی



**حسیب شوکت ئەمینی**

بڕوانامە :ماستەر
پلەی زانستی :مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار :زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان
کۆلیج /پەیمانگای تەکنیکی کەلار
بەش :کارگێڕی کار

# ئاوێتەی ئەوینی یار و نیشتمان لە شیعری سەردەمی شۆڕشی نوێدا
# (بە نموونە شیعری شەهید مەلا عەلی)


## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاریی ناوەڕۆک تیشک دەخاتە سەر خوێندنەوەی ئێستەتیکی و فیکریی ئەدەبیاتی بەرگری لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا، لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی دەقە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە .(شەهید مەلا عەلی) شیعرییەکانی شاعیر و پێشمەرگە شیکردنەوەی بونیادی ئۆرگانیی نێوان "چەک و قەڵەم "و خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ هاوسەنگیی نێوان ئەدەبیاتی ڕۆمانسی و بەرگری لە ناو ژینگەی خەبات و زینداندا .لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی داتا و دەقە شیعرییەکانەوە، توێژینەوەکە گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی لای شاعیر نەک ڕێگر نەبووە لە خەباتی نەتەوەیی، (دڵداری) جەوهەری لەوانە :عەشقی خودی بەڵکو وەک وزەیەکی بزوێنەر بۆ بڵندکردنەوەی ئاستی خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی داگیرکەر ئامادەیی هەبووە .هەروەها توێژینەوەکە ئەوەی سەلماند کە شاعیر لە ڕێگەی شیکاریی وەک جوانکارییەکی مادی (وەک قەندیل و پشدەر) دلالەتەکانەوە توانیویەتی جوگرافیای سەنگەر بکاتە دیاری بۆ گەردنی مەعشووق و لە سەختترین دۆخی زیندانیشدا چەمکی "کفن "بۆ "سەرپۆشی یار "بگوێزێتەوە تا مەرگ لە هەڵوێستێکی ساردەوە بۆ زەماوەندێکی نەتەوەیی باڵا وەربچەرخێنێت .لە کۆتاییدا، شیکاریی ناوەڕۆکەکە دەریخست کە شەهید مەلا عەلی لە ڕێگەی یەکخستنی هۆشیاریی زمانەوانی، فیکری و خەباتی مەیدانی، شوناسی شاعیر و پێشمەرگەی لە چوارچێوەی یەک پڕۆژەی ڕۆشنبیریی نەتەوەییدا بەرجەستە کردووە.


**کلیلە وشەکان :**شۆڕشی نوێ، شیعری بەرگری، نیشتمانپەروەری، دڵداری، شەهید مەلا عەلی.



ناو: سامان مجید محمد
بڕوانامە: دکتۆرا
پلەی زانستی: مامۆستا
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ

ناو: ئاوات عبداللە عبدالقادر
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی



# کەرکوک و دەوروبەری لە شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتم [illegible] -١٩٩١)

## پوختە

کەرکوک وەك بەشێك لە خاکی کوردستان، لە هەموو شۆڕش [illegible] ووی هاوچەرخی کورد، پێگەی گرنگ و ستراتیژی هەبووە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «کەرکوک و دەوروبەری لە شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (1976–1991)، پێگە و ڕۆڵی کەرکوک و دەوروبەری لە شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەخاتەڕوو. لە سەرەتا ناساندنێک بۆ شۆڕشی نوێ ، پاشان بایەخی ستراتیژی ئەم ناوچەیە لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕش نوێ شیدەکرێتەوە.

توێژینەوەکە لە هەمانکاتدا هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ لە دانوستاندنی ساڵانی 1984 و 1991 لەبارەی کەرکوک دەخاتە بەرباس،کە چۆن سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ داکۆکییان لە کوردستانیبوونی کەرکوك کردووە و هۆکارەکانی پشتگیریی دانیشتوانی کەرکوک و دەوروبەری لە شۆڕش ڕووندەکاتەوە. لە کۆتاییدا، ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خەڵکی ناوچەکە لە پاڵپشتی شۆڕشی نوێ دەخاتە ڕوو، لە پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی پێشمەرگە تا دابینکردنی هاوکاری و پشتگیری، باس دەکرێت و دەریدەخات کە ئەم پشتگیرییە یەکێک بووە لە هۆکارە گرنگەکانی بەردەوامبوون و سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ لە جوگرافیای کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەریدا.



دیدار حمد قادر
پلەی زانستی :م .یاریدەدەر
بڕوانامە :ماستەر
شوێنی کار: زانکۆ سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی جوگرافیای کارەکی و توێژینەوە ژینگەییەکان



مصطفی یوسف محمد کەڵێتی
پلەی زانستی :مامۆستا
بڕوانامە :ماستەر
شوێنی کار: زانکۆ سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی جوگرافیای کارەکی و توێژینەوە ژینگەییەکان

# بایەخی جیۆپۆلەتیکی دەڤەری باڵەکایەتی لە شۆڕشی نوێی لە باشووری کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١

**پوختە:**

بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکان (گەروو، نۆکەند، چیا، دەشت، سەرچاوەی سروشتی، ڕووبارەکان و دەریا) یان (ڕێگای بازرگانی، شوێنی ستراتیجی، شوێنی مێژووی و شوێنی ئاینی) لە ڕووی سیاسی و ئابووری بەردەوام لە گۆڕانکاریدا دادەبن، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، زۆربوونی پێداویستییەکان و ململانێ زلهێزەکان، زۆربوونی کۆچ و شۆڕشی نوێ دا لە پێناو سەربەخۆی، بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەتا جەنگی سارد لە نێوان بەرەی خۆرهەڵات و بەرەی خۆرئاوا و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی زۆر ئالۆز بەردەوامبوو، بەڵام دوای باڵادەستبوونی ئەمریکا لە جیهان بایەخی ناوچەکان کەمێک کاڵتربوویەوە، بۆیە دیارە کە ناوچەی توێژینەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەکەیەوە بایەخێکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی بینیووە لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لە باشوری کوردستان.

ئەم توێژینەوەییە بەناونیشانی (بایەخی جیۆپۆلەتیکی دەڤەری باڵەکایەتی لە شۆڕشی نوێ لە ماوەی ساڵانی(١٩٧٦-١٩٩١) ئامانج لەم توێژینەوەییە دەرخستنی بایەخی جیۆپۆلەتیکی دەڤەری باڵەکایەتی لە شۆڕشی نوێ لەلایەک و لەلایەکی تر جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە ، چونکە بالەکایەتی لانکەی شۆڕشی نوێ داە یەک لە دوای یەکەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت، هەروەها میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەییە بریتیە لە میتۆدی وەسفی و شیکاری، لەگەڵ بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی(GIS) ، لە کۆتاییدا توێژینەوە بەو دەرئەنجامە گەیشت کە بایەخی جیۆپۆلەتیکی باڵەکایەتی تەنها بە فاکتەری سروشتی سنووردار نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵبوونی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بووەتە ناوەندێکی ستراتیژی بۆ بەرگری، گواستنەوە، چاودێری و بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی شۆڕ، هەروەها هەرچەندە بایەخی سەربازی و جیۆپۆلەتیکی باڵەکایەتی لە ماوەی شۆڕشدا دیار بوو، بەڵام هەمان تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییانە دوای ساڵی (١٩٩١) بوونەتە بنەمای گەشەپێدانی بازرگانی سنووری، گەشتوگوزار، ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان.

وشـە کلیلییەکان: جیۆپۆلەتیـک، باڵەکایەتی، شـۆڕشی نـوێی باشـووری کوردسـتان، تایبەتمەنـدییە سروشتییەکان و مرۆییەکان، شوێنی ستراتیژی.



**ناو:** سامان کریم محمود

**بڕوانامە:** ماستەر

**پلەی زانستی:** مامۆستای یاریدەدەر

**شوێنی کار:** زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان / کۆلیجی تەکنیکی کفری / بەشی تەکنیکی کارگێڕی کار

**ئیمەیل:** Saman.karim@gpu.edu.iq

---

## ستراتیژی مانەوە و دەرهاویشتە مەیدانییەکانی پارتیزانەکانی گەرمیان لە قۆناغی پاش ئەنفال و ڕۆڵیان لە زەمینەسازیی ڕاپەڕیندا (١٩٨٨ - ١٩٩١)

**پوختە**

قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال (١٩٨٨-١٩٩١) یەکێک لە سەختترین قۆناغە مێژووییەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد بوو، بەتایبەت لە ناوچەی گەرمیان کە لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی وێرانکارییەکی دیمۆگرافی و جوگرافیی فراوان بووەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەو قۆناغە مێژووییەی کە پێشتر لێکۆڵینەوەی زانستیی کەمی لەسەر کراوە؛ ئەویش ژیان و خەباتی ئەو پێشمەرگانەی شۆڕشی نوێیە لە گەرمیاندا کە بە (مەفرەزە پارتیزانەکان) دەناسرێن. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ئەو ستراتیژ و میکانیزمانەیە کە ئەم هێزە بەکاریان هێناوە بۆ مانەوە لە ژینگەیەکی سەربازیی دوژمنکارانە و دابڕاو لە هەر سەرچاوەیەکی لۆجستی و مرۆیی.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە (میتۆدی مێژوویی-شیکاری) لەگەڵ بەکارهێنانی (مێژووی زارەکی) لە ڕێگەی گێڕانەوەی یادەوەریی بەشێک لەو پارتیزانانەی کە لەو قۆناغەدا لە گەرمیان ماونەتەوە.

مانەوەی پارتیزانەکانی گەرمیان تەنها وەک کردەوەیەکی بەرگریی تەماشا ناکرێت، بەڵکو ستراتیژێکی دەروونی و سەربازیی قووڵ بووە کە گوتاری ڕژێمی بەعسی- سەبارەت بە (کۆتاییهاتنی پێشمەرگە) پووچەڵ کردەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات ڕۆڵی مانەوەی پارتیزانەکان لە پێشخستن و زەمینەسازی بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەڵبسەنگێنێت.

**وشە کلیلییەکان:** پارتیزان، شۆڕشی نوێ، گەرمیان، پێشمەرگە، ئەنفال




هاوژین ئەحمەد ڕەشید
پلەی زانستی :م .یاریدەدەر
بروانامە :ماستەر
شوێنی کار :زانکۆی هەڵەبجە /کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور





سەرهەد طارق محمد
پلەی زانستی :مامۆستا
بروانامە :ماستەر
شوێنی کار :زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان





شیراز عوسمان ڕەشید
پلەی زانستی :خوێندکاری دکتۆرا
بروانامە :ماستەر
شوێنی کار :زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان


# بایەخی جوگرافی چیاکانی شارباژێڕ و ڕۆڵی لە داڕشتنی نەخشەی سەرکەوتن لە داستانی قەیوان-ماوەتدا "توێژینەوەیەک لە جوگرافیای سەربازی"


پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بایەخی جوگرافی چیاکانی شاربازێڕ و ڕۆڵی لە داڕشتنی نەخشەی سەرکەوتن لە داستانی قەیوان-ماوەتدا، شیکردنەوەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی بنەڕەتی ژینگەی جوگرافی لە دروستکردنی ستراتیژییە چەکدارییەکاندا لە شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە ماوەی سالآنی (١٩٧٦–١٩٩١)، توێژینەوەکە جەختدەکاتە سەر پەیوەندی نێوان جوگرافیا و تاکتیکی سەربازی لە شەڕی پارتیزانی و شیکردنەوەی ئەنجامی ستراتیژی لە داستانی قەیوان- ماوەتدا وەک نموونەیەکی کرداری و شیکاری لە ماوەی ساڵی (١٩٨٦-١٩٨٧)دا.

شاربازێڕ بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە ستراتیژییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەژماردەکرێت، بەهۆی تۆبوگرافیای سەخت، بەرزی چیاکان و نزیکی لە سنووری نێودەوڵەتییەوە، بە درێژایی مێژوو وەک پەناگەیەکی گرنگ بۆ تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بەکارهاتووە، چونکە تۆبۆگرافیای ناوچەکە وەک "قەڵغانێکی سروشتی" خزمەتی بە هێزەکانی ناوخۆیی کردووە، هەروەها کاریگەریی چەکە قورسەکانی دوژمنی پووچەڵکردۆتەوە.

لە توێژینەوەکەدا پشتبەستراوە بە (میتۆدی وەزیفی) ئەم میتۆدە لەو فاکتەرە ناسیاسیانە دەکۆڵێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر چالاکییە سەربازییەکانی ناوچەکە هەیە، وەک (تۆبۆگرافیا و ئاووهەوا و...)، لەهەمانکاتدا (میتۆدی مێژوویی) بەکارهێنراوە بۆ بەدواداچوون و لێکدانەوەی ڕووداوە مێژوویی و سەربازییەکانی ڕابردوو. بەشێوەیەکی سەرەکی کارلەسەر شیکردنەوەی شوێنی، سەرچاوەی زانستی و مێژوویی و ئەرشیفی چاوپێکەوتنی پێشمەرگە دێرینەکان دەکات، بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، بۆ دروستکردنی نەخشەی تایبەت بە ناوچەی توێژینەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت، کە تایبەتمەندییەکانی وەک (تۆبۆگرافیا، ئاووهەوا و ئەشکەوتەکانی کەڵکی قەیوان) ناوچەی توێژینەوە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرکەوتنی شۆڕشەکان و تاکتیکی پێشمەرگەدا هەبووە. شەڕی قەیوان – ماوەت نەخشەی سەربازی و سیاسی و ئاسایشی حکومەتی عێراق بەرامبەر پرسی کورد گۆڕیی، وایکرد بە شێوازێکی تۆکمەتر دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوەستێتەوە.



**کلیلە وشەکان:**

شارباژێڕ، شۆڕشی نوێی گەلی کورد، داستانی قەیوان- ماوەت، شیکردنەوەی شوێنی، تاکتیکی پارتیزانی.




**سەرکەوت بورهان یوسف**
**پلەی زانستی :م .یاریدەدەر**
**بڕوانامە : ماستەر**
**شوێنی کار : زانکۆی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن**


## پێگەی سروود و گۆرانی لە شۆڕشی نوێدا، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بە نموونە


**پوختە**

ئەم توێژینەویە لەوەدایە کە ئەو بەرهەم و چالاکیە هونەرییانەی کۆکردۆتەوە کە لە شاخ، یاخوود لەسەردەمی خەبات و شۆڕشدا پێشکەشکراون، بە تایبەت بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان .

ئامانجی توێژینەوەکە خستنە ڕوو، کۆکردنەوە و شیکاری کردنی ئەو بەرهەمانەیە کە لەو سەردەمەدا پێشکەشکراون و تۆمارکراون. بۆ ئەو مەبەستە میتۆدی توێژینەوەکە پشت بە (وەسفی شیکاریی و ڕووپێویی) دەبەستێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە: ئایا چۆن بە دەستێک تفەنگ و بەدەستەکەی تریش تارو تەمبوور لە ئەشکەوت و دۆڵ و شاخەکاندا پێکەوە هاورێ و هاوخەبات بوون و سروودی (ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت)یان دەچریێ؟

ئەم توێژینەویە جگە لە تیۆرو بنەمایەکانی توێژینەوە لە(دوو) بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

پوختەی توێژینەوە، کلیلە وشەکان، پێشەکی، ناونیشان و بواری توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنوورەکانی توێژینەوە.

بەشی یەکەم، ئەم باسانە لەخۆدەگرێت: ڕۆڵی سروود و گۆرانی نیشتمانی لە خەباتی گەلاندا، دەستپێکی موزیکی شۆڕشگێڕی لە بزاڤی نیشتمانی کوردیدا، تایبەتمەندییەکانی موزیکی شۆڕشگێڕی کوردی، ڕۆڵی هونەرمەندانی کورد لە موزیکی شۆڕشگێڕیدا، کورتەیەکی مێژوویی شۆڕشی نوێ (ی ن ک)، موزیک و شۆڕشی نوێ، تایبەتمەندییەکانی گۆرانی و موزیک لە شۆڕشی نوێدا، گروپ و تیپە موزیکیەکانی شاخ، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، تیپی هونەریی چەوساوەکان، تیپی مۆسیقای شەهیدان.

بەشی دووەم: بەشی کردارەکی توێژینەوەکە، شیکاری بونیادی موزیکی بۆ چەند بەرهەمێکی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان کراوە، شیکاری سرووده نیشتمانییەکانی (فەرەنسا، ئیتاڵیا) کراوە، بەراووردکاری لە نێوان بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان و سروودە نیشتمانییەکانی (فەرەنسا، ئیتاڵیا) کراوە. دواتر لە کۆتایی توێژینەکەدا ئەنجامەکان، ڕاسپاردەکان، پێشنیارەکان، پاشکۆی وێنەکانی تیپە موزیکییەکانی شاخ، لیستی سەرچاوەکان دانراون.

کلیلە وشەکان: سروود، گۆرانی، شۆڕشی نوێ، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، گۆرانی شۆڕشگێڕی .



ناو: هێمن عزیز محمدئەمین
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا

ناو:  ڕێناس بەکر عەلی
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: توێژەر
شوێنی کار: وەزارەتی پێشمەرگە

---



## شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان، ٧٦

## سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بە شۆڕش و پەیوەندییەکا ... دەرەکییەکان

**پوختە**

ساڵانی نێوان ١٩٧٦ تا ١٩٩١ یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی هەرێمی کوردستانی عێراقن، کە بە باشووری کوردستان ناسراوە. دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ بەپێی ڕێککەوتنامەی جەزائیر، بزووتنەوەی سیاسیی کورد خۆی ڕێکخستەوە و لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦دا شۆڕشی نوێ لەژێر بارودۆخێکی نوێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەستپێکردەوە. شۆڕشی نوێی کورد لە ڕەهەندێکی جیۆپۆلیتیکی جیاوازدا گەشەی کرد بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی پێشووتری کورد، وەک ڕاپەڕینی ١٩٧٤–١٩٨٥ و ڕاپەڕینەکانی ناوەڕاستی نەوەدەکان؛ ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگی سارد، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، جەنگی ئێران و عێراق، پەرەسەندنی ململانێی نێوان دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وگۆڕانی تێڕوانینە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان. ئەم گۆڕانکارییانە کێشەی کوردیان لە پرسێکی تەواو ناوخۆییەوە گۆڕی بۆ پرسێکی هەرێمی و لە کۆتاییشدا نێودەوڵەتی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩١. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر سیاسەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤیەت و هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی بەرامبەر بە کورد، هەروەها هەوڵەکانی لایەنە سیاسییەکانی کورد بۆ مانۆڕدان لە نێوان ئەم بەرە نەیارانەدا لە ڕێگەی ئامرازی دیپلۆماسی و سەربازی و نێودەوڵەتییەوە. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاریگەریی دەرەکی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە داڕشتنی دینامیکی سەربازی و سیاسی، بەڵام ئەم کاریگەرییە زیاتر بەهۆی ئەجێندای ستراتیژیی وڵاتانەوە پاڵپێوەنراوە، نەک بەهۆی پابەندبوونێکی یەکگرتوو بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەوە. لەم سەروبەندەشدا لایەنە سیاسییەکانی کورد بە هێواشی پەیوەندی دیپلۆماسیی ئاڵۆزیان بنیادنا کە یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی هاوسۆزیی نێودەوڵەتی دوای پرۆسەی ئەنفال وهەڵەبجە و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەردەخات کە شۆڕشی نوێ نەدەکرا بە سادەیی وەک شۆڕشێک بۆ ڕزگارکردنی لە بەغدا لێکبدرێتەوە بەڵکو وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی فرەلایەنە کە فەرماندەکان تێیدا بەشدارن لە سیاسەتی دەسەڵاتی ناوخۆیی و یارییە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا.

**وشە کلیلەکان:** باشووری کوردستان؛ شۆڕشی نوێ؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (PUK)؛ عێراق؛ ئێران؛ سوریا؛ تورکیا؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ ئەنفال؛ هەڵەبجە؛ ڕاپەڕینی ١٩٩١؛ دیپلۆماسیی کوردی؛ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.



پشتیوان عەلی محەمەد عەبدولرەحمان
بڕوانامە: ماستەر: جوگرافیا / جیۆمۆرفۆلۆجیا
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان / کەلار



صباح لطيف محمد
بڕوانامە: ماستەر لە جوگرافیای سیاسی
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزوور / ئامادەیی قەرەگۆلی تێکەڵ



دیدار حەمد قادر
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوەیە ژینگەییەکان

# کاریگەری تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان لەسەر گرنگی جیۆپۆلەتیکی ئەشکەوتی داری خلە، لە شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان (١٩٧٦–١٩٩١)

پوختە

جیۆمۆرفۆلۆجیا یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکانی زانستی جوگرافیا کە لێکۆڵینەوە لە شێوە و ڕووخساری ڕووی زەوی، پێکهاتەی جیۆلۆجی، پرۆسەکانی دروستبوون و گۆڕانکارییەکانیان دەکات. ئەشکەوتەکان وەک دیاردەیەکی جیۆمۆرفۆلۆجی، لە ناوچە شاخاوییەکاندا تەنها بایەخی سروشتی و ژینگەییان نییە، بەڵکو لە هەندێک بارودۆخی مێژوویی و سەربازیدا گرنگییەکی زۆری ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی هەیە.

ئەشکەوتی داری خلە یەکێکە لەو ئەشکەوتانەی کە لە شۆڕشی نوێی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦–١٩٩١) بەهۆی پێگەی جوگرافی، بەرزونزمی، پێکهاتەی جیۆلۆجی، ئاووهەوا، دارستان و تۆڕی ڕێگاوبانەوە بایەخێکی گرنگی سەربازی و جیۆپۆلەتیکی پەیدا کردووە، بەڵام گۆڕانکارییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان و هەرەسهێنانی بەشێک لە ئەشکەوتەکە کاریگەرییان لەسەر ئەو بایەخە داناوە.

کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی کاریگەری تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان لەسەر بایەخی جیۆپۆلەتیکی ئەشکەوتی داری خلە، هەروەها دەرخستنی گۆڕاوە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان، کە تا چەند بوونەتە هۆی هەرەسهێنانی ئەشکەوتەکە و کەمبوونەوەی بایەخی سەربازی و جیۆپۆلەتیکییەکەی.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوە و دەرخستنی کاریگەری تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان و گۆڕانکارییە سروشتییەکان لەسەر دروستبوون، پەرەسەندن و هەرەسهێنانی ئەشکەوتی داری خلە، و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم گۆڕانکارییە سروشتییانە و بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنەکە.

لە ڕووی میتۆدییەوە، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی ئستقرائی بەستراوە بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی ئەشکەوتەکە، وێنەی ئاسمانی، مۆدێلی بەرزونزمی ژمارەیی (DEM 12.5) و تەکنەلۆژیای (ArcMap GIS 10.8) بەکارهێنراوە. هەروەها داتا و زانیارییەکانی پێکهاتەی جیۆلۆجی، بەرزونزمی، لێژی، ئاراستەی لێژی، ئاووهەوا و فاکتە جیاوازەکانی بایەخی جیۆپۆلەتیکی شیکراونەتەوە.

لە کۆتاییدا توێژینەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە، کە بایەخی جیۆپۆلەتیکی ئەشکەوتی داری خلە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانە وەک پێگەی جوگرافی، تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان، پێکهاتەی جیۆلۆجی، ئاووهەوا، تۆڕی ڕێگاوبان و پشتیوانی کۆمەڵایەتی؛ پێکەوە ئەشکەوتەکەیان کردووە بە




ناو: رؤوف تحسين جبار
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێجی ئاداب/ بەشی مێژوو
ئیمەیل: raoof.jabbar@su.edu.krd





ناو: ریباز لقمان رشاد
بڕوانامە: ماستەر
پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
شوێنی کار: زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێجی ئاداب/ بەشی مێژوو
ئیمەیل: rebaz.rashad@su.edu.krd


---

یەکێک لە گرنگترین شوێنە ستراتیژییەکانی شۆڕشی نوێی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦–١٩٩١).

## ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم لە گوتاری سیاسی پارتەکانی باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١): لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە


### پوختە

قۆناغی خەباتی چەکداری باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١) وێستگەیەکی هەستیار و پڕ گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە زۆربەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی پێشوو لەسەر ئەم قۆناغە جەختیان لەسەر ڕەهەندە سەربازی، ململانێ چەکدارییەکان و ڕووداوە سیاسییەکان کردووەتەوە، لە کاتێکدا شیکاریی گوتاری سیاسی و گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییەکانی پارتە کوردییەکان کەمتر خراونەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی ئەو ڕەهەندە نوێیانەی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە لە قۆناغی پاش هەرەسی ١٩٧٥ و لە سەردەمی خەباتی شاخدا بەرجەستە بوون.

توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی مێژووی- شیکاریی و پشتبەستن بە سەرچاوە سەرەتاییەکانی وەک (ڕۆژنامە، بڵاوکراوە، و ناملیکە ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمی شاخ)، تیشک دەخاتە سەر شێوازی داڕشتنەوەی گوتاری نەتەوەیی و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا جیهانییەکانی وەک : چەپ و مارکسیزم بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی ناوخۆیی و دەرەکی.

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە: جەنگی عێراق-ئێران ، شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵبجە ، چۆن بوونە پاڵنەر بۆ داڕشتنەوەی گوتاری سیاسیی پارتەکانی باشووری کوردستان؟

دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی کوردی لەو قۆناغەدا گوتارێکی جێگیر نەبووە، بەڵکو گوتارێکی پراگماتیک بووە کە بەپێی هەڕەشە ئەمنییەکان و ململانێ هەرێمییەکان خۆی گونجاندووە.
**کلـیلە ووشـەکان:** ناسـیۆنالیزمی کـوردی، گوتـاری سـیاسی، شـۆڕشی نـوێ، مـێژووی فیکـری، بڵاوکراوەکانی شاخ، پارتە سیاسییەکان




**کاظم احمد صدرالدين**
**پلەی زانستی :م .یاریدەدەر**
**بڕوانامە :ماستەر**
**شوێنی کار: وەزارەتی پەروردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی**


# لێکەوتەکانی جینۆسایدی گوندی کوڵەبان لە شەڕی کەرتی ٤ی جەباری و ڕژێمی بەعس (١٩٨٣)
# (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)


## پوختە

کەرتی چواری جەباری یەکێك بوو لە کەرتە چالاکەکانی سەر بە تیپی (57)ی سەگرمە. جوگرافیای چالاکی کەرتەکە مەودایەکی فراوانی گرتبووە، هەر لە ناوچەکانی چەمچەماڵ و سەنگاو و قادرکەرەم و بنارگل و لەیلانەوە هەتا ڕۆژهەڵاتی کەرکوك. ناوچەی جەباری بە قوڵایی چالاکی و شوێنی مانەوە و تەراتێنی کەرتەکە ناسرابوو، گوندی کوڵەبان یەکێك بوو لە وێستەگەکانی شەڕی پارتیزانی کەرتەکە. لە شەڕەکەی ساڵی (1983)ی کەرتی (چوار)دا لەگەڵ ڕژێمی عێراق، گوندەکە ڕووبەڕووی جینۆساید وماڵوێرانی بووەوە.

ئامانج لە توێژینەوەکە، بە زیندووهێشتنەوەی جینۆسایدی گوندی کوڵەبان و خستنەڕووی لێکەوتەکانی شەڕەکە و کارکردن بۆ بە زانستیکردن و توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ناوچەکە و تۆمارکردنی داستان و قوربانییەکانی شۆڕشی نوێیە. کێشەی توێژینەوەکەلەوەدایە پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری لە شەڕی کوڵەباندا، شەڕێکی نابەرامبەر و ناهاوسەنگیان ئەنجامدا، کە بووە هۆی قوربانی و ماڵوێرانی بۆ ناوچەکە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەش دەکات لە شەڕی گوندی کوڵەباندا، ڕژێمی بەعس جینۆسایدی ئەنجامدا بەرامبەر خەڵکە سڤیلەکەی گوندەکە و ناوچەکانی دەوروبەری. هەرچەندە ئەمە نەبووە هۆکاریك بۆ لەدەستدانی پێگەی گوندەکە وەك لانکەی شۆڕش. لە توێژینەوەکەدا سوود لە میتۆدی وەسفی و هەرێمی وەرگیراوە. هەرچی پلانی توێژینەوەکەیە: ئەوا دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر: تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. تەوەرەی دووەم: (تایبەتمەندییە جیۆپۆلەتکییەکانی ناوچەی توێژینەوە. تەوەرەی سێیەم: (جینۆسایدی ناوچەی توێژینەوە و لێکەوتەکانی). هەروەها توێژینەوەکە بە چەند دەرەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: کەرتی چواری جەباری، خاوەن زۆرترین داستان و شەڕی پارتیزانییە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی عێراق لە مێژووی شۆڕشی نوێدا. ئەوەی لە شەڕەکەی کوڵەباندا ڕوویدا، بەشێکە لە جینۆسایدکردن و قڕکردنی خەڵکی سڤیلی ناوچەکە، کە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە پیادەکرا. لە ئەنجامی شەڕەکەدا (20) قوربانی لێکەوتەوە لە گوندەکانی (کوڵەبان، هەنارە، مۆردانە، سیامەنسور). (شەش) شەهیدی سڤیل و برینداربوونی (14)کەسی سڤیل. لە ئەنجامدا (30)خانوو ڕووخان و نزیکەی (44) خێزانی گوندی کوڵەبان ئاوارەبوون.



کلیلە وشە: (شۆڕشی نوێ، گوندی کوڵەبان، کەرتی چواری جەباری، جینۆساید) شاربازێڕ، شۆڕشی نوێی گەلی کورد، داستانی قەیوان-ماوەت، شیکردنەوەی شوێنی، تاکتیکی پارتیزانی



**ناو:** فتاح محمود ڕۆستەم

**بڕوانامە:** بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن، دبلۆم لە زانستەکانی کۆمپیوتەر

**پلەی زانستی:** توێژەر

**شوێنی کار:** سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان

**ئیمەیل:** fatah.mahmood@gpu.edu.iq

---

## کاریگەری ئامێرە بێتەلەکان بۆ پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە شۆڕشی نوێدا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری ئامێرەبێتەلەکان بۆ پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە شۆڕشی نوێدا)توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ڕۆڵ و کاریگەری ئامرازەکانی پەیوەندی، بە تایبەتی ئامێرەبێتەلەکان، لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لە ناو چالاکییەکانی شۆڕشدا بخاتە ڕوو .

کێشەی توێژینەوە ئەوەیە کە چۆن بەکارهێنانی ئامێرەبێتەلەکان توانای سیستەمی پەیوەندی بەرزکردووەتەوە لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە ناو چالاکییەکانی شۆڕشی نوێدا. ئایا ئەم ئامرازانە چۆن توانایان هەبووە هاوکاری بکەن لە ڕێکخستنی کارەکان و بڕیاردادا.

گرنگی توێژینەوەکە ڕۆڵی ئامێرەبێتەلەکانی پەیوەندی لە مێژووی شۆڕش و چالاکیە سەربازی و ڕاگەیاندنەکان ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن ئامێرەبێتەلەکان توانایان هەبووە کاریگەری لە سەر گەیاندنی هەواڵ و بەڕێوەبردنی چالاکییەکان هەبێت.

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە: دیاریکردنی ڕۆڵی ئامێرەبێتەلەکان لە سیستەمی پەیوەندی بۆخستنەڕووی کاریگەرییان لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لە شۆڕشی نوێ، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی–شیکاری میدیایی بەکارهاتووە. ئەم میتۆدە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ئامرازەکانی پەیوەندی وەک ئامێرەبێتەلەکان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەکارهاتووە .

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆمەڵێک ئامێری بێتەل وەک:( جۆرەکانی ڕاکاڵ و ئەوانی تر)کە لە چالاکییەکان و بارودۆخەکانی شۆڕشی نوێدا بەکارهاتوون بۆ پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ئامێرەبێتەلەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە گەیاندنی هەواڵ و چالاکییەکانی شۆڕشی نوێدا.

**کلیلە وشەکان:** ئامێرەبێتەلەکان، پەیوەندی، هەواڵ، زانیاری، شۆڕشی نوێ.




هۆگر ستار عبدالرحمن
خوێندکاری ماستەر لە
زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

پ.ی.د. دڵشاد مەحمود
عبدالرحمن
زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

# (1983-1985) گفتوگۆیەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراقی
# لە یاداشت و بیرەوەریەکاندا

پوختەی توێژینەوە

گفتوگۆیەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراقی (1983-1985)، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، لەلای خەڵکی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، هەمووان بە گرنگییەوە چاوەڕوانی گفتوگۆ و ئەنجامەکانی بوون. زۆرێکیان بە دوودڵی و بەشێکی کەمیان بە هیواوە لە گفتوگۆیان دەڕوانی، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەشی زۆری یاداشت و بیرەوەرییەکان هەڵوەستە لەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە بکەن.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە ڕێگەی یاداشت و بیرەوەرییەکان، تێڕوانینەکان لەسەر گفتوگۆ و کاریگەرییەکانی بخەینە ڕوو.

توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی و دوو تەوەر و ئەنجام، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "گفتوگۆ لە یاداشت و بیرەوەرییەکانی یەکێتی" لەم تەوەرەدا باسمان لە گفتوگۆ کردووە، وەکو ڕووداوێکی گرنگ لە یاداشت و بیرەوەری سەرکردە و فەرماندە پێشمەرگەکانی یەکێتی.

تەوەری دووەم بە ناونیشانی گفتوگۆ لە یاداشت و بیرەوەری کەسانی دەرەوەی یەکێتی" لەم تەوەرەدا تێڕوانینی کەسانی دەرەوەی یەکێتیمان دەربارەی گفتوگۆ خستووەتە ڕوو، بۆ ئەمەش یاداشت و بیرەوەری سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەکانی بەرەی" جود "مان وەرگرتووە، لەگەڵ هەندێك لە یاداشتی سەرکردە و فەرماندەکانی حیزبی بەعس.

لە توێژینەوەکەماندا سودمان لە چەند ڕێبازێکی میتۆدی مێژوویی وەرگرتووە، وەکو: میتۆدەکانی شیکاری و بەراودکاری وەرگرتووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەشێك لە یاداشتنوس و بیرەوەرینوسەکان بە تایبەتی لە سەرکردەکانی یەکێتی و حکومەتی بەعس لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی گفتوگۆ بونە، لە یاداشت و بیرەوەرییەکانیاندا هەر لەدەستپێکی گفتوگۆ، تاوەکو مشتومڕەکانی ناو کۆبوونەوەکانیان تۆمارکردووە، هەروەها ئاماژەیان بە هۆکاری شکستی گفتوگۆ کردووە.




**ناو:** م.ی.ئارام علی مجید

بڕوانامە : ماستەر

شوێنی کار : بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی


---


کلیلە وشە: یاداشت، بیرەوەری، گفتوگۆ، یەکێتی، حکومەتی عێراق.


## جەنگی عێراق – ئێران

### کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان


**پوختە**

کاتێك سەیری لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان دەکەین بەئاسانی ئەو ڕاستییەمان لا بەرجەستەدەبێت، کە لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەم نەتەوەیەدا بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی لەناوچوون و پاکتاوی ڕەگەزی بۆتەوە، (باشووری کوردستان)یش وەك بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی لەناوبردن وسڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی بۆتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی بەعسیەکاندا ، زمان و فەرهەنگ و جوگرافیا و خاکەکەی بەردەوام کەوتۆتە بەر لێشاوی سەربازی وجینۆسایدکردن.

دۆزی کورد لە باشووری کوردستان لە نێوان پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقدا ڕەگوڕیشەیەکی زۆر قوڵی هەیە ، ئەم پەیوەندی و ململانێیە پێشتر لەسەر دەمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی پاشان دەوڵەتی قاجاری بەردەوام بووە بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە ئاسەواری خراپ و مەترسیداری دروستکردووە لەهەمان کاتدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەردەوام بووە لە قوربانیدان بەشێوازێکی هاوسەنگ و ڕێکخراوەیی توانێویێتی لەپەیوەندی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا جێگەی خۆی بەهەر جۆرێك بێت بکاتەوە ورەهەندێکی چەسپاو بەدۆزی کورد و کێشە نەتەوایەتییەکەی بدات لەباشوور.

لە ساڵی 1979 سەدەی ڕابردوودا دوو گۆڕانکاری سیاسی بەرچاو لە ئێران و عێراق ڕوویاندا، لە ئێران کۆتایی بە ڕژێمی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی هات و بەناچاری وڵاتی بەجێهێشت و دەسەڵاتێکی نوێ سیاسی بەناوی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕابەرایەتی ئیمام خومەینی دامەزرا. لە عێراقیش سەدام حسێن توانی بگاتە لوتکەی دەسەڵات و بەفەرمی بووە سەرۆکۆماری عێراق . دوای ئەم گۆڕانکاریانە بارودۆخی سیاسی هەردوو وڵات پێی نایە قۆناغێکی نوێی مەترسیدارەوە. ساڵێك دوای ئەو ڕووداوانە جەنگێکی خوێناوی ڕوویدا لەنێوان ئەم دەوڵەتە زیانێکی گەورەی مرۆیی و ئابووری بەرهەر دوو وڵات کەوت، باشووری کوردستانیش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنەکەیەوە بووە مەیدانی فراوانی شەڕەکە و لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە کەوتە بەر هێرشی سەربازی و زیانێکی گەورەی ئابووری و مرۆیی دیمۆگرافی و جوگرافی بەرکەوت. لەوکاتەشدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبری ئەوەی سوود لەبارودۆخی جەنگ وەربگرێت و لەبەرەیەکی یەکگرتوودا

یەکبگرن وەك یەك هێزی سەرەکی لە کوردستاندا ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە بەڵام کەوتنە دژایەتی و ململانێکردنی یەکتری وشەڕی براکوژی ئەو کاتەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران لەجەنگدا بوون و لە هەوڵی سڕینەوەی یەکتردا بوون هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە شاخ لەشەڕ دابوون و لە هەوڵی لەناوبردن وو دوورخستنەوەی یەکتردا بوون.



**ناو:** م.ی. یاسین عمر ابراهیم

**yaseen.mahmood@univsul.edu.iq**
**بەشی فیلمسازی، کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی-عێراق**

---

## شیکاریی سۆسیۆلۆژییانەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی نوێ (١٩٧٦-١٩٩١)

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە دوور لە سیاسەت، چەند ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانی باشوور (١٩٧٦-١٩٩١) بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بخرێتە ڕوو. توێژینەوەکە سۆسیۆلۆجیی شیکارییە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستەیەک لە بەڵگەنامە و (Primary Sources) بڵاکراوە و چاپەمەنییە دیارەکانی ئەو ماوەیە کە وەکو سەرچاوەی یەکەمی لەبەردەستدان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش سەرجەمی ئەو دۆکیومێنت، پەرتووک، نامیلکە، بەیاننامە، ڕۆژنامە، گۆڤار و بڕیارە ڕەسمییانەی لەلایەن دامودەزگا و کەسایەتییە کاریگەرەکانی ئەو شۆڕشەوە بڵاو کراونەتەوە لە خۆدەگرێت کە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١) چاپ کراون.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت: بەشی یەکەم؛ مێتۆدنامەی توێژینەوەکەیە و ڕێکارە مێتۆدییە پێڕەوکراوەکانی تێدا بەرجەستە کراوە و زاراوەکانی توێژینەوەکەی تێدا دەستنیشان کراوە. بەشی دووەم؛ تیۆرییینامەی توێژینەوەکەیە و تێیدا مێژووی وەرچەرخانە تیۆریی و ئایدۆلۆژییەکانی یەکێتییە کە سەرچاوەی پرس و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشەکەشە خراوەتە ڕوو، بەشی سێیەمیش پراکتیکنامەی توێژینەوەکەیە و لەمیانەی دۆکیومێنتەکانەوە بەرجەستەبوونی ئەو ڕەهەندانە پیشان دراون و شی کراونەتەوە.

گرنگترین دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە کە شۆڕشی نوێ، جیاواز لە هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی؛ هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتییە کە بەرجەستەکەری دید و تێڕوانینی نوێی شۆڕشەکە بوون، هەر ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەش بوون لە حوکمڕانیی دوای ڕاپەڕینی ساڵی

١٩٩١ و بەتایبەتیی لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا بە ئاوایەکی بەرفراوانتر و گشتگیرتر و قوڵتر پیادە کران.

وشە کلیلییەکان: شیکاریی سۆسیۆلۆژیی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی نوێ.



**ناو: د. منسوور تەیفووری**
**شـوێنی کار: بەشی فەلسـەفە زانکـۆی ڤەنسـین – سـەن دۆنی پاریس٨**

## وەرچەرخانەکانی سیمای قارەمان لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا

**پوختە:**

لە کوردستان ئەدەبی بەرەنگاریی قارەمانێکی سەرەکیی خولقاندووە کە ناوە گشتییەکەی پێشمەرگەیە. ئەم قارەمانە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی حەماسیی و ئەخلاقیی باڵاوە ئامادەیە. ئەم وێنەیەی قارەمان هاوبەشە لەگەڵ ئەو مرۆڤە نوێیەی کە شۆڕشی نوێ دەیکات بە نموونەی ئایدیالی لای خۆی، کە بە گشتی بە کەسێکی لەخۆبوردەی «دەست و دەم و داوێن پاک» ناسراوە. ئەم مرۆڤە بە بێ ئەوەی خاوەن هێزی ئەفسانەیی یان جادوویی بێت، هەندێ ڕاسپاردەی گەورەی وەک گۆڕینی دنیا و ڕزگاریی نیشتمانیی و بەدیهێنانی یەکسانیی چینایەتیی پێ سپێردراوە. بەڵام لە دڵی شۆڕشدا و دوای وەرچەرخانی سیاسیی ١٩٩١ سیمای ئەم قارەمانە لە ئەدەبدا دەگۆڕێت؛ تایبەتمەندیی شاریی و نوێ وەردەگرێت؛ داوا و خەونەکانی وەردەچەرخێن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە نیازە وەرچەرخانەکانی سیمای ئەم قارەمانە لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا وەک نموونەی باڵای ئەدەبی بەرەنگاریی بخاتە ڕوو، پێوەندیی ئەم وەرچەرخانانە بە وەرچەرخانی سیاسیی کۆمەڵایەتییەوە نیشان بدات و هەوڵ بدات جۆرێک لە بەدیکاریی ( پرۆفێتی) لای دوایین بەرهەمی ئەم نووسەرەوە سەبارەت بە قارەمانی داهاتوو بناسێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا مێژووی قارەمانی مۆدێرن و دەرکەوتەکانی لە ئەدەبی مۆدێرندا لای هەندێ نووسەری مۆدێرنیستی وەک سێرڤانتێس، شارل بۆدلێر، ئۆسیپ ماندلشتام و فرانتس کافکا نیشان دەدرێت، پاشان تایبەتمەندییەکانی ئەم قارەمانانە لەگەڵ سیمای قارەمان لە سێ بەرهەمی شێرکۆ بێکەسدا (داستانی هەڵۆی سوور ١٩٨٦، کەشکۆڵی پێشمەرگە ١٩٨٦ و ئێستا کچێک نیشتمانمە ٢٠١١) بەراورد دەکرێن و نیشان دەدرێت چ وەرچەرخانێک لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا ڕووی داوە و سیمای قارەمانی نوێ چۆن وێنە دەکێشرێتەوە.

**کلیلە وشە :**

**قارەمانی مۆدێرن، مرۆڤی نوێ، شۆڕشی نوێ، وەرچەرخانی ئەدەبی، شێرکۆ بێکەس.**



ڕێناس حەسەن محەمەد
ڕێنمایکاری پەروەردەیی
بڕوانامە: ماستەر
شوێنی کار: وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە/ ئامادەیی هەڵەبجەی کچان



غەریب عەزیز عبدالرحمن
ڕێنمایکاری پەروەردەیی
بڕوانامە :ماستەر
شوێنی کار: وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە/ ئامادەیی پێشەنگی کوڕان

## شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆڤاری ئەستێرەی مناڵان (١٩٨٣) لەسەر بنەمای گرنگیدان بە 'بەها پەروەردەیی و نەتەوەییەکان'

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵ و پێگەی گۆڤاری "ئەستێرە" وەک یەکێک لە گۆڤارە دیارەکانی بواری ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی بەها نەتەوەیی و پەروەردەیییەکان و هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی نێوانیان هەروەها دەستنیشانکردنی ئاستی گرنگیدانی بە ڕەهەندەکانی گەشەکردنی منداڵ. میتۆدی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی'چۆنییەتیە' لەسەر گۆڤاری ئەستێرە ئەنجامدراوە. ئەنجامەکان دەریانخستووە لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا بەها نەتەوەیی و پەروەردەییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە و بە شێوەیەکی هاوسەنگ جەختی لە بەها پەروەردەیییەکانی (وەک: ڕەوشتبەرزی، ڕێزگرتن لە دایک و باوک و گەورەکان، ڕاستگۆیی، هاوکاری و هەرەوەزی، ژینگەپارێزی، بەرپرسیارێتی) و بەها نەتەوەییەکانی (وەک: نیشتمانپەروەری، شانازیکردن بە مێژوو و کولتوور و زمان، سەربەستی، ئازادی و ڕزگاری) کردووەتەوە.

توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە گۆڤاری ئەستێرە گرنگیی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ داوە، لەوانە: ڕەهەندی عەقڵی و مەعریفی، دەروونی و سۆزداری، کۆمەڵایەتی، و ڕەوشتی. لە هەمووی گرنگتر، ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی مێژوویی و هەڵوێستی مەزنی گۆڤارەکە دەردەخات لە سەردەمێکی سەخت و ئاڵۆزدا کە سەرجەم پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی فەرمی بە زمانی عەرەبی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێندرابوو؛ بەڵام گۆڤاری ئەستێرە توانیی وەک سەنگەرێکی ڕووناکبیریی ڕەسەن بمێنێتەوە و ڕۆڵێکی پێشەنگ و کاریگەر لە پاراستنی زمان، کولتوور، و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ناو دڵی منداڵاندا بگێڕێت.

کلیلە وشە: گۆڤاری ئەستێرە، بەهای پەروەردەیی، بەهای نەتەوەیی